## بڕیارنامە دەربارەی

# جێگاو شوێنی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

١. ئێمە جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە کۆمەڵە، وەك رێکخراوی سیاسی سۆسیالسیتی کرێکاران، ئەرکی سەرشانی‌یەتی کە هەموو مەیدانەکانی خەباتی کرێکاران لە کوردستان لە سەر رێبازی ستراتیژیی سۆسیالیستی رێك بخا و رابەری بکا. لە هەمان کات دا کۆمەڵە خەباتی گەلی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس لە شێواز و قۆناغی جۆراوجۆر دا رێك بخا و رابەری بکا و لە ناو ئەو بزووتنەوەیەش دا لە دێمۆکراسی هەر چی بەرینتر و جەماوەری‌تر، لە مافی ئازادییە سیاسی‌یەکان و لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان داکۆکی بکا. ئێمە هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە کۆمەڵە لە سەروبەندی قۆناغێکی گرینگی ژیانی خۆی دایە و دەبێ‌جارێکی دیکە خۆی بۆ دەورەیەك لە ژیانی سیاسی چالاك و کاریگەر ئامادە بکا و لەم پێناوە دا پێویستی بە گۆڕین و راستکردنەوەی کاراکردنی هەندێك لە سیاسەتەکانی هەیە.

٢. بە پێی ئەو خاڵانەی باسیان کرا و لە بەر ئەوەی هەندێك لە دەربڕینەکانی راپۆرتی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ کۆنگرەی پێشوو(کۆنگرەی هەشتەم) کە مانگی پووشپەڕی ١٣٧٤ بەڕێوە چوو لە

روانگەی بۆچوونی مارکسیستی‌یەوە نادرووستن و لە هەمان کات دا ناتـەباییيان هەیە لە گەڵ ڕێبازی ناسراوەی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان دا و، لە بـەر ئەوەی پەسەند کرانی ناوەڕۆکی گشتیی ئەو ڕاپۆرتـە لـە کۆنگرەی هەشـتەمدا پەسەند کرانی ئەو جۆرە داڕشتن و دەربڕینەش دەگەیەنێ، بۆیە بـە پێویـستی دەزانین ئەم ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەیە پەسەند بکەین:

" ... ئەگـەر قـەرار بووایـە کـە بـە بەشـداری لـە خـەباتی نەتـەوەیی و بزووتنەوەی گشتی دا لە دژی ڕژیمی ناوەندی، ڕەوت ڕێکخراوێك ببێتە ڕابـەری بزووتنەوەی جەماوەریی لە کوردستان، ئەوا حیزبە ناسیۆنالیستی‌یەکان لە چاو ئێمە زەمینە وئیمکاناتێکی زۆر زیاتریان بۆ ئەم کارە هەیە. ئەوان هەم لە باری مێـژوویی‌یـەوە ڕابـەری بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی‌یـەکانی کـورد بـوون و هـەم ئێستاش پاشماوەی ئەو خۆش باوەڕی‌یەی خەڵکیان لـە گەڵـە کـە ئـەو دەورە بەوان ڕەوا دەبینن و هەم کـادر و توانـای ڕێکخراوەیـی‌یـان بـۆ دەور دیـتن لـەو بوارە دا لە ئێمە زیاترە ... لە ڕاستی دا هەتا ئێـستاش ئـەو شـتەی کۆمەڵـەی خـستووەتە ئـەم جێگا و شـوێنەی ئێـستای لـە پێوەنـد لـە گـەڵ بزووتنـەوەی کوردستان دا، بەرهەمی پراتیکێکی چینایەتیی دیـاری کـراوە کـە بـە تـەواوی جیاواز لە خەباتی تەنیا نەتەوایەتی و خودموختاری خوازانە لە کوردستان".

لەو ڕاپۆرتەدا هەر وەها وتراوە:

" ئەمڕۆ لە کاتێکدا ئەو بڕیارنامەیە دەدەینەوە بەر هەڵسەنگاندنی سـەر لـە نوێ کە ئەگەر چی خەڵکی کوردستان هەر وا لە ژێر بـاری ئـازار و هـەڵاواردن و سـووکایەتی‌دان، بـەڵام بزووتنەوەیـەکی جـەماوەریی کـە بـە تایبـەت داوای خودموختاری بکا، بە کردەوە لە ئارا دا نی‌یە و هەر بۆیە بەرنامە بـۆ داڕشـتنی ئەمڕۆ پێویست نی‌یە".

لەم جۆرە ڕوانینە دا، زیاتر لە هەمووشتێك، لە پێناسە کردنـی بزووتنـەوەی کوردستان و دیاری کردنی ناوەڕۆك و سیمای ئـەو بزووتنەوەیـە دا ئیمتیـازێکی ناڕەوا دەدرێ بـە تـەعبیری بـۆرژوا ناسیونالیـستی. نـاودێرکردنی بزووتنـەوەی

کوردرستان به ناوی " بزووتنەوەی خودموختاریخوازانەی کوردستان"، پاشەکشە کردنە لە بۆچوونی رادیکاڵ و سۆسیالیستی کۆمەڵە. جگە لەوەش، کاتێک باسی رێبەرایەتی بزووتنەوە دەکرێ، نەک هەر رێبەرایەتی بەڵکوو رێبەرایەتی بزووتنەوەی گشتی لە دژی رژیمی دەسەڵاتدار بۆ ئازادییە سیاسییەکان و مافە دێمۆکراتیکەکانیش، وەک مافێکی لە پێش دا دیاری کراو و بەبێ هیچ کیشەیەک بە حیزبە بۆرژوازییەکانی کورد دەسپێردرێ. کە ئەمەش نادروستە و پاشەکشە کردنە لە لە حاست ئەو رەوت و رێکخراوانە و، ئەمەش شتێکی بە پێچەوانەی ئەو سیمایەی کۆمەڵە لە دەمێک ساڵ لەوە پێشەوە پێوەی ناسراوە. بەم جۆرە راپۆرتەکە، لە قالبی رادیکالیزم دا، لە راستی دا تووشی راسترەوی بووە و ئەو ئەرکانە کە رەوتی سۆسیالیستی لە بواری بزووتنەوەی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی گشتی دا لە ئەستۆیەتی لە شان ئەو رەوتە دادەماڵێ و کۆمەڵە هان دەدا بۆ پاشەکشە کردن لە ئەرکە سیاسییەکانی خۆی.

ئەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا بە سەر هەڵسووڕانی کۆمەڵەدا زاڵ بووە هەر ئەم روانگە چەوتە بووە. رەچاو کردنی ئەو سیاسەتە دەورێکی کاریگەری بووە لە خاو بوونەوەی رەوتی هەڵسووڕانی سیاسی کۆمەڵە لە چەند ساڵی رابردوودا لە لاواز بوونی پەیوەندی کۆمەڵە لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستاندا جیاوازییەکی ئاشکرای هەیە لە گەڵ سیاسەتی شۆڕشگێڕانە و چالاکانەی پێشوومان.

لە راپۆرتەدا هەر وەها نفووزی کۆمەڵایەتی ئێمە لە کوردستان، هەر چەند بە هەندێک ئەگەر و بەڵامەوە، بە تەواوی لە بزووتنەوەی کوردستان و هەڵسووڕانی ئێمە لەو بزووتنەوەیە دا جیا کراوەتەوە کە مێژووی هەڵسووڕانی ئێمە بە پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدا. راستییەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵە، وەک رەوتی سۆسیالیستی رادیکالی کۆمەڵ و وەک لایەنگری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان و، هەر لەم روانگەیەوە، لە هەمان کاتدا لە گەڵ

بزووتنـەوەی گـشتیی کوردسـتانیش پێوەنـدی تونـد وتـۆڵی بـووە و ئـەوەش یەکێك لە سەرچاوە گرینگەکانی نفووزی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە بووە.

جگە لەو خاڵانەی باسیان کرا، لە راپۆرتەکەدا وتراوە کە لە بەر ئـەوەی کـە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بە کردەوە لە ئارا دا نی‌یـە، بەرنامـە داڕشـتن بـۆ چارەسـەری دیـاری کـراوی مەسـەلەی نەتەوایـەتی لـە کوردسـتان پێویست نی‌یە و، هـەر تـەنیا هێنانـە گـۆڕی مـافی دیـاری کردنـی چـارەنووس و داکۆکی کردن لەو مافە، کە لە ئەنجامی خـۆی دا بـە شـێوەی رێفرانـدۆم وەدی دێ، ئەم هەڵوێستەش نادروستە و لە باری سیاسی‌یەوە زیانبارە.

بە لە بەر چاوگرتنی هەموو ئەوانە، لە مەودوا ئەو بەشانەی راپۆرتی نـاوبراو کە باسیان کرا و بە گشتی ئەو بۆچوونانە کە ئەو هەڵوێستەیان لێ دەوەشێتەوە لە ریزی بنەماکانی سیاسەتی کۆمەڵە دەردەهاوێژرێن. لە هەمان کاتدا ئێمـە لـە سـەر گرینگـی و پێویـستی باسـی تێروتەسـەل لـە بابـەت سـەرجەمی سیاسەتەکانمان لە حاست بزووتنـەوەی کوردسـتان پـێ‌دادەگرین و بانگـەوازی هاوڕێیانی خاوەن نەزەر دەکەین کـە دەسـت بدەنـە نووسـین و بڵاوکردنـەوەی بیروڕاکانیان بۆ گەیشتن بە یەکانگیرییەکی هەمەلایەنە و بەرین.

کۆنفرانسی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە

١٦ی گەلاوێژی ١٣٧٩

٦ی ئاگۆستی ٢٠٠٠

# مافی دیاری کردنی چارە نووس یان ریگایەك بۆ بێماف کردنی خەڵکی کورد

عومەری ئیلخانیزادە

"جهان امروز" گۆڤاری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ژمارە ٤٦ی خۆیدا، بابەتێکی لە نووسینی کاک ئیبراهیمی عەلیزادە لە ژێر ناوی "پرسیاری جیهانی ئیمروز لە ئیبراهیمی عەلیزادە" لە چاپ داوە ، کە تێیدا ئاماژە بە بەشێك لە باسەکەی من لە نامیلکەی"لێکدانەوەیەك لە سەرپرۆسەی جیایی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" کراوە. من لەو نامیلکەیەدا رەخنەم لە گۆڕانی سیاسەتی ئەم سالانەی دوایی کۆمەڵە لە حاست کێشەی نەتەوەیی گرتووە و ئەم کارەش ئیبراهیمی عەلیزادەی توورە کردووە و وەك شێوەی ناسراوی خۆی، لە جیاتی جواب دانەوە بە باس و ناوەرۆکی نامیلکەکە، بە بەشێکی چکۆلەیەوە نووساوە و سەرەڕای ئاگاداری تەواو و زانیاری لە بابەت هەڵویستی ئێمە لە حاست کێشەی نەتەوەیی، خۆی چۆنی پێ خۆش بووە دەستی داوەتە چەواشە کردنی راستییەکان لەم بابەتەوە. عەلیزادە ئێمە بەوە تاوانبار دەکا کە گۆیا بۆ راگەیاندنی بۆچوونی راستەقینەی خۆمان"زەمان و مەکان"بە گونجاو نازانین و ناوێرین باسی"ئیستحالەی"خۆمان بکەین و لە دەربڕینی بۆچوونەکانمان "دەترسین". بە هەر حاڵ من هەر لەو رادە هەڵوێست گرتنەش لە لایەن ئیبراهیمی عەلیزادەوە پێشوازی دەکەم و هەوڵ دەدەم لەم نووسراوەیەدا خاڵە

سەرەکییەکانی ناکۆکی راستەقینە و سیاسیمان لەگەڵ روانگەی ئیبراهیمی عەلیزادە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی باس بکەم و هیوادارم ئەم کارە یارمەتیدەرێك بێ بۆ گەشەی لێکدانەوە و باسی سیاسی سەلمێنەر و جیددی ، نەك بۆختان کردنی غەیرە سیاسی لە بابەت هەڵوێستی دروست لە حاست کێشەی نەتەوایەتی. هیوادارم بە نووسراوەکانی ئێمە و هاوڕێیانی رێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر چی زۆرتر راستییەکان روون بێتەوە هەتا هەم ریزەکانی ئێمەو ئەوان و هەم هەموو ئەو کەسانەی کە بە پەرۆشی چارە نووسی کۆمەڵە و رەوتی سۆسیالیستی لە کوردستانن (کە بە هۆی مەیلیان بەرەو باسەکانی ئێمە، ماوەیەکە بەردەوام لە لایەن ئیبراهیمی عەلیزادەوە بە "ناسیۆنالیست" ناویان لێدەبرێ)، بتوانن سیمایەکی دروست تر و واقعی‌تریان لە باسەکان و روانگەکانی هەر دووك لا بۆ دەرکەوێ.

## خودموختاری و چۆنیەتی ناکۆکیی لەم بارەیەوە

ئیبراهیمی عەلیزادە چ لە نووسراوەی "جهان امروز"دا و چ لە باسە نێوخۆیی‌یەکاندا ، هەوڵ دەدا لە وەڵام دانەوە بە رەخنەکانی ئێمە لە سیاسەت و بۆ چوونەکانی ئەو لە کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵەدا، لە بابەت کێشەی نەتەوەیی، خۆی ببوێرێ، بەڵام بە پێچەوانە ئێمە وەك لایەنگر و پشتیوانی لێبراوی خودموختاری لە کوردستان بناسێنێ و خۆشی وەك پشتیوانی ماف دیاری کردنی چارە نووسی خەڵکی کوردستان نیشان بدات.

ماوەیەکە ئیبراهیمی عەلیزادە مەربووت و نامەربووت لە ئێمە و خەڵکی‌تر وەك "ناسیۆنالیست وخۆدموختاری خواز" و لە بزووتنەوەی کوردستانیش وەك"بزووتنەوەی خودموختاری خوازی" نێو دەبا و هەر دەڵێی ریسوایی کەسانی پێشووتری لەو جۆرە بوختان کردنانە لە بیر چۆتەوە.

عەلیزادە لە گۆڤاری"جهان امروز"ی ژمارە ٤٦دا، سەبارەت بە بۆچوونی ئێمە لە حاست کێشەی نەتەوەیی دەنووسێ:"دوایین رادەربڕینی

موستەنەد کە لە عەبدوڵڵای موهتەدی بەر چاو کەوتووە، هەر وتارەکەی ناو"افق سوسیالیزم"ە کە تێیدا شتێك بە غەیری دەربڕینی مەیلێکی نەزۆر راشکاوانە بۆ گەڕانەوە سەر بەرنامەی کۆنی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان نابیندرێ و لە "عمر ایلخانی زادە"ش تەنیا بۆچوونێکی موستەنەد (لە گۆڤاری"جهان امروز"دا بە جێگای موستەنەد، استناد نووسراوە کە لەوانەیە هەڵەی چاپ یان نووسین بێ.) کە لە بەر دەست دایە، ئەو شتەیە کە تەقریبەن بە پێچەوانەی ئەوە، لە سمیناری"یەك پارچەیی خاکی وڵات..." ، کە چەند ساڵ لەوە پێش لە شاری" یوتبوری"ی سوئێد بەرێوە چوو، دەری بڕیوە:"عمر ایلخانی زادە" لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٥دا و لەو سمینارەدا دەڵێ:خودموختاری شیعاری بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لە رابردوودا بوو ، ئیستا شیعاری ئێمە ئەوە نیە ، دەبێ ئەوە لە داهاتوودا بدرێتە دەست خودی بزووتنەوەی جەماوەریی."

١. هەتا ئەو جێگای بۆ باسەکانی من لە سمیناری "یەك پارچەیی خاکی وڵات و مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان" لە شاری "یوتبوری" سوئێد هەڵدەگەرێتەوە ، ئێستاش ئەو بۆچوونانەم ، کە بەشێکی لە "جهان امروز"ی ئەو کاتەدا هاتووە ، قەبووڵە و ئەمرۆکەش خودموختاری بە دروشمی دەورەیەك لە بزووتنەوەی جەماوەریی لە کوردستان دەزانم و ، لە سەر ئەو باوەڕەم کە لە هەل و مەرجی ئێستادا شیعاری شیاو و گونجاو لە لایەن کۆمەڵەوە نابێ خودموختاری بێ ، بەڵکوو شیعاری ئێمە دەبێ لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان و ئێران بگونجێ و ئاکامی تێگەیشتنی ئێمە لە پێوەندی نێوان دێمۆکراسی و کێشەی نەتەوەیی بێ. (کە لە درێژەی ئەم نووسراوەیەدا قسەی موشەخەسی خۆم دەکەم.)

لـه سمينـاری "يوتبـوری"ی سـوئيد، مـن بـه پێـچەوانەی تێگەيـشتنی ئێستای ئيبراهيمی عەليزادە لە بارەی کێشەی نەتەوەيیيەوە، پێم داگرتووە و بە روونی باسی ئەوەم کردووە کە کۆمەڵە دەبێ لە حاست کێـشەی نەتـەوەيی لە کوردستان، گەلاڵە و بەرنامەی دياریکراوی هەبێ. (ئێستا من لە کوردسـتان نەوارەکانی ئەو سمينارەم لە بەر دەست دا نیيە و ئارشيوی "جهان امـروز" و سەنەدەکان و... بە داخەوە بە پێچەوانەی رەواڵ و عادەتی باوی سياسی ، لە لايەن کاك ئيبراهيمی عەليزادە و ژمارەيەك لە هاوڕێيـانی، "دەسـتی بـە سـەردا گيراوە"، بەڵام لە داهاتوودا دەتوانم هەموويان بە تەواوی وەدەسـت بێـنم.) بـە هەرحاڵ پێداگريی من و ئێمە لە سەر پێويستی گەلاڵە و بەرنامەی دياریکراو لە بابەت کێشەی نەتەوەيی لە لايەن کۆمەڵەوە ، يەکێك لـە ناکۆکیيـەکانی نێـوان من و ئيبراهيم عەلیزادە بووە و هەيە کە ئـەم نووسـراوەيە تێدەکۆشـێ لايەنـە جۆراوجۆرەکانی ئەم ناکۆکیيە روون کاتەوە.

٢. ئەگەر سەرنج بدەينە هەر ئەو نموونە هێنانەوەيەی سـەرەوە لـە ئيبراهيمـی عـەليزادە لـە بابـەت نووسـراوەکەی هـاوڕێ عەبـدوڵڵا موهتەدييـەوە ، دەبيـنين کـە چـلۆن نووسـراوەيەکی نـەزەری و فيکری ، بە بێ هـيچ بەڵگەيـەکی سـەلمێنەر و وەڵام دانەوەيـەکی نەزەری، بە رستەی "شتێك بە غەيری دەربڕينی مەيلێکی نـە زۆر راشـکاوانە بـۆ گەرانـەوە سـەر بەرنامـەی کـۆنی کۆمەڵـە بـۆ خودموختـاری کوردسـتان نابينـدرێ"، چەواشـە دەکـرێ. "بەرنامـەی کـۆنی کۆمەڵـە بـۆ خودموختـاری کوردسـتان"، لـە جێگای خۆی قسە و باس دێنێتە گۆر، بەڵام ئەگەر لە ئيبراهيمـی عەليزادە پرسيار بکرێ کـە لـە کـام بەشـی نووسـراوەکەی "افـق سوسياليسم"دا عەبدوڵڵا موهتەدی وەها بۆ چوونێکی دەربڕيوە و بە پێی کام پاراگراف يان کام رستە ئەم بۆچوونە دەردەکـەوێ ؟ بێگومان وەڵام دەداتـەوە: مـن نووسـيومە "دەربـڕينی مـەيلێکی

نەزۆر راشکاوانە"، یانی وشەی "نە زۆر راشکاوانە"، لە راستیدا بۆ خۆ دەرباز کردن لە وەها پرسیارێکە. ئەم چەشنە قسە کردنە لە لایەن ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەتمەندییەکەی لەوە دایە کە دەتوانێ بەو بەشە لە خوێنەرانی خۆی، کە نووسراوەکەی هاوڕێ عەبدوڵلایان نەخوێندۆتەوە، وا نیشان بدا کە عەبدوڵلا موهتەدی لەگەڵ شیعاری ماف نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، دژایەتی هەیە و خودموختاری پێ لەو باشترە.

٣. دەیهەوێ بە خەیاڵی خۆی لە نێوان بۆچوونەکانی من و هاوڕێ عەبدوڵلادا کەلەبەرێك بدۆزێتەوە، کە هەڵبەت لە ڕوانگەی من و بێشك هاوڕێ عەبدوڵلاشەوە، ئەگەر لەو بابەتەوە جیاوازیشمان لەگەڵ یەکتر هەبێ ، گوناهێکی گەورە و کێشەیەکی گرینگ نیە و جاریش بووە کە وەك یەك بیرمان نەکردبێتەوە وغەیری ئەوە ناتەبیعیەیە، بەڵام بۆ زانیاری ئیبراهیمی عەلیزادە دەڵێم کە من لەگەڵ وتارەکەی هاوڕێ عەبدوڵلا لە "افق سوسیالیسم"دا و لە بابەت هەڵوێستمان بەرامبەر بە کێشەی نەتەوایەتی، هیچ ناکۆییەکم نییە و بە پێچەوانەی قسەکانم لە سمیناری "یوتبوری" ی سوید لە ساڵی ١٩٩٥،ی نازانم. پێویستە هەر لێرەشدا ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە ئیبراهیمی عەلیزادە لە نێو بردنی ناوی کاملی سمینارەکەی یوتبوری خۆ دەبوێرێ و وشەکانی "ماف نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووس" لە قەڵەم دەخا، لە بەر ئەوەی کە نەکا بە زەینی خوێنەر دابێ کە ئەو کەسەی عەلیزادە دژایەتی لەگەڵ دەکا، هەر لەو سمینارەدا پشتیوانی ماف دیاری کردنی چارەنووس هەتا رادەی جیابوونەوەشە. مەبەستم لە باس کردنی ئەم خاڵە دەرخستنی هەڵویست و شێوەکاری غەیرە سیاسی کاك ئیبراهیمی

عەلیزادەیە تەنانەت لە نووسراوەیەکی کورتی"جهان امروز" و لە ئاستێکی چکۆلەدا.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئایا لە حاست "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان" و چۆنیەتی روانگەکان لە بەرامبەری دا، ناکۆکییەک هەیە یان نا؟ جێ و شوێنی ئەم ناکۆکییانەی ئێستای ئێمە چییە؟ بە بڕوای من رەوتی ئێمە، یانی رەوتی ساغ کردنەوەی کۆمەڵە کە سەر لە نوێ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، خۆی تێدا ناساندۆتەوە، لەگەڵ روانگەی ئیبراهیمی عەلیزادە لە حاست سیاسەتی کۆمەڵە وکێشەی نەتەوەیی، ناکۆکی تەواوی هەیە و خاڵی سەرەکی ئەم ناکۆکییە نە تەنیا لە بابەت هەڵوێست گرتن لە سەر بەرنامەی کۆنی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان، بەڵکوو لە حاست جۆری روانینمان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان و دەور و نەقشی کۆمەڵە بۆ رێبەری کردنی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەییە. بۆ ئەوەی بتوانین پێشینە و رەوتی ئەم ناکۆکییانە روونتر بخەینە روو، پێویستە لە بابەت "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان" دەست بدەینە چەند شی کردنەوەیەک و چەند پرسیارێکیش لە ئاغای عەلیزادە.

ئەو بەرنامەیە لە راستیدا لە سێ بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمی ئەو بەرنامەیەدا روانگە و بۆچوونە بنچینەیییەکانی ئێمە وەک رەوتێکی رادیکاڵی سوسیالیستی لە کوردستان لە بابەت کێشەی نەتەوایەتییەوە ، کۆ کراوەتەوە کە تەوەرە سەرەکییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. وەک کێشەیەکی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەروانێتە کێشەی کورد و لە سەر پەیوەندی و هاوپشتی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد پێدادەگرێ و، هەروەها بە رۆشنی و راشکاوانە ئاماژە بە دابەش بوونی کوردستان بە پێی قازانج و بەرژەوەندی زل هێزە

ئەمپریالیستییەکان و دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە دەورەیەکی تایبەتیدا دەکات.

2. بە لێکدانەوەی بزووتنەوەکانی کورد لە رابردوودا و هەل و مەرجی ئێستایان، لە سەر تێپەربوونی مێژوویی دەورەی رێبەری کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە لایەن چینە دارا و چەوسێنەرەکان و، هەروەها بێتوانایی و دەستەوستانی ئەوان لە رێبەری کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لە دەورەی ئێستادا، پێدادەگرێ. لە ئاکامدا لە پێویستیی رێبەری چینی کرێکار لەو بزووتنەوەیەدا بۆ رزگاری نەتەوەیی پێداگری دەکا و گرینگی ریبەری کردنی ئەو بزووتنەوە لە لایەن کۆمەڵەوە، وەك نوێنەری قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران وەبیر دێنێتەوە و، لە سەر پێویستیی رێنوێنی و رێبەری کردنی بزووتنەوەی کوردستان هەتا نەمانی یەگجاری ستەمی نەتەوایەتی، پێ دادەگرێ.

3. بنەمای یەکگرتوویی برایانەی نەتەوەکان و پێویستیی هاوپشتی کرێکارانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان باس دەکا و بە پشت بەستن بەو خاڵانەی سەرەوە شیعاری ماف نەتەوەکان لە دیاریکردنی ماف چارەی خۆنووسین هەتا جیا بوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی، بە دروست دەزانێ و لە هەل و مەرجی دیاریکراوی ئێستادا، پێویستیی گەڵاڵە و بەرنامە و "ئاڵترناتیڤ"ی کرێکاری و سۆسیالیستی لەم بزووتنەوەیەدا وە بیر هێناوەتەوە.

بەشی دووهەمی ئەم بەرنامەیە باسی بنەماکانی خودموختاری دەکا، یانی پەیوەندی حکوومەتی ناوچەیی لە کوردستان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی (مەرکەزی) و داخوازییە فەرهەنگی و ناوچەییەکانی خەڵکی کوردستان لە دەورەی خودموختاریدا روون دەکاتەوە.

بەشی سێهەمی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان، دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان شی دەکاتەوە، یانی لە راستیدا ئاڵترناتیڤی ئێمەیە بۆ بەڕێوەبردنی کومەڵگای کوردستان و رێکخستنی دەسەڵاتێکی شۆڕشگێرانە، و پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە داخوازییە نەتەوەییەکانەوە نییە.

ئێمە دەمێك بوو هەستمان بەوە کردبوو کە دەبێ لەو سەنەدەدا کە لە ژێر ناوی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کودستان هاتووە، لێك جیاکردنەوەیەك بکرێ، واتە کۆکردنەوەی داخوازییەکانی تایبەت بە کێشەی نەتەوەیی و، مەسەلەی دەسەڵاتی دیمۆکراتیك و شۆڕشگێڕانە و ئاڵترناتیڤی سۆسیالیستی بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا، لە ژێر ناوی خودموختاری و لە یەك بەرنامەدا دروست نییە و، باشتر وایە کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە هەل و مەرجی ئێستادا و بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، یان شێوەی تەنزیمی پەیوەندی حکوومەتی ناوچەیی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی لە بەرنامەیەکی دیاری کراودا کە بەرنامە یان گەلاڵەی ئێمە بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییە باس بکرێ و، مەسەلەی ئیدارەی کۆمەڵگا یان قەوارەی سیاسی کوردستان لە بەرنامە و "پلاتفۆرم"ی جیاوازدا وەك ئاڵترناتیڤی ئێمە بۆ شێوەی دەسەڵات لە کوردستان دا، شی کرێتەوە. لە راستیشدا ئاڵترناتیڤی ئێمە بۆ دەسەڵات لە تایبەتمەندییەکانی کێشەی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئاڵترناتیڤی ئێمە بۆ دەسەڵاتی شۆڕشگێڕانە و دێمۆکراتیك لە زۆرێك لە بەشەکان و ناوچەکانیتری ئێرانیشدا دەگونجێ و دەکرێ بەڕێوە بچێ، و دەتوانێ ئاڵترناتیڤی رەوتی رادیکاڵ و

سوسیالیستی بێ تەنانەت بە بێ داخوازی و هێنانە گۆڕی کێشەی نەتەوایەتیش.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو شیکردنەوەی سەرەوە ، تەنیا بەشی دووهەمی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خۆدموختاری کوردستان"، شیعاری خودموختاری لە خۆ دەگرێ ، بەشی یەکەم ، روانگە سەرەکییەکانی ئێمەیە لە بابەت کێشەی نەتەوایەتی و بەشی سێهەم ئالترناتیڤی ئێمە بۆ دەسەڵاتە. من لە سمیناری "یۆتبۆری"دا لە بابەت "مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسی خویاندا و یەك پارچەیی خاکی..." وتوومە و ئێستاش هەر لە سەر ئەو بڕوایەم کە شیعاری خودموختاری (یانی بەشی دووهەمی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان) بە لە بەر چاو گرتنی بار و دۆخی سیاسی ئەمرۆکەی کوردستان و ئێران گونجاو نییە و گەڵاڵەی ئێمە بۆ کێشەی نەتەوەیی دەبێ لەو بەشەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای رەدکردنەوەی بەشەکانی یەکەم و سێهەمی ئەو بەرنامە دیاری کراوە نییە ، بەڵکوو بەشی یەکەمی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خۆدموختاری کوردستان" لە راستیدا روانگەی کۆمەڵە بۆ کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان دا، ریشە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ستەمی نەتەوایەتی و بنەماکانی شیعاری وەدیهاتنی مافی دیاری کردنی چارە نووس هەتا پێکهێنانی دەوڵەتی سەر بە خۆی نەتەوەیی، دیاری دەکا و شی دەکاتەوە و لە روانگەی منەوە ئێستاش بە تەواوی جێگای ئیعتیبارە و هەر ئێستاش دەبێ بنەمای بەرنامەدارێژی و سیاسەتدارێژی لە حاست هەڵوێستی کۆمەڵە بەرامبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان بێ و، هەروەها بەشی سێهەمەکەشی بە شێوەی سەرەکی و بنەڕەتی شیاوی پشتیوانی لێکردنە. بەڵام لە کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵەدا چوار چێوەی ئەو بەرنامەیە دوای رێز و حورمەتێکی رواڵەتیی لە دەور و نەقشی "مێژوویی" ئەو بەرنامەیە، بە فەرامۆشی سپێردرا و لە گوزارشی کومیتەی ناوەندی لە لایەن ئیبراهیمی عەلیزادەوە بەو کونگرەیە، چەند خاڵی دیاریکراو لە بابەت کێشەی

نەتەوەیی بە کار هێنرا کە لە گەڵ بەشی یەکەمی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خۆدموختاری کوردستان" یانی لەگەڵ ئەو بنەمایە کە دەمێك ساڵ بوو وەك بنەمای زاڵ بە سەر روانگەی کۆمەڵە لە حاست کێشەی نەتەوایەتیدا قەبووڵ کرا بوون، بە رۆشنی لە دژایەتیدا بوو و هەر ئەوەش سەرچاوەی ناکۆکی ئێمە بووە و ئێستاش هەیە. یانی پێداچوونەوە بە سەر بنەمای فیکری پێشووی کۆمەڵە و لێکدانەوەی جیاواز لەم بارەوە هۆی ناکۆکی بووە، نەك دژایەتی و رووبەروو بوونەوەی نێوان خودموختاری و مافی دیاری کردنی چارە نووس. ئیبراهیمی عەلیزادە دەبێ بە راشکاوی روونی کاتەوە کە ئایا بەشی یەکەمی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان"ی کە لە هەشت خاڵدا هاتووە و جارێکیش لە "اُفق سوسیالیسم ژمارە ٤ " دا بڵاو کراوەتەوە و بنەماکانی بۆچوونی ئێمە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان شی دەکاتەوە، قەبووڵە یان نا؟ دەبێ بە راشکاوانە بیر و رای خۆی لە بابەت هەر سێ بەشەکەی ئەو بەرنامەیەوە دەربڕێ تا ئەو کات جیاوازییەکانمان روونتر دەرکەوێ. کەوایە ئێستا ئەوە ئیبراهیمی عەلیزادەیە کە دەبێ بە شێوەی رۆشن و جیددی جۆری دژایەتی خۆی لە گەڵ "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان" و بۆچوونەکەی لە بابەت بەشە جیاوازەکانی ئەو بەرنامەیە باس بکا و بە رەد کردنەوەی شیعاری خودموختاری کە تەنیا هەر بەشێك لەو بەرنامەیە (بەشی دووهەمی بەرنامەی خودموختاری) لە خۆ دەگرێ، ناتوانێ و نابێ لە دەربڕینی بۆ چوونی رۆشن و جیددی لە حاست بەشەکانی یەکەم و سێهەم خۆ لا بدات. بە هەڵوێستێکی دیپلۆماتیك و بە خشکە و نارۆشن، ناکرێ سیاسەتی دروست و بنچینەیی بیست ساڵەی کۆمەڵە کە لە بەشی یەکەمی ئەو بەرنامەیەدا هاتووە ، بگۆردرێ و سیاسەتێکی نادروست و تازە بە نێوی "سیاسەتی بیست ساڵەی کۆمەڵە" بە سەر بزووتنەوەدا بسەپێندرێ. ناکۆکی ئێمە لە سەر شێعاری خودموختاری نییە، بەڵکوو ناکۆکی و جیاوازی سیاسەتی پێشووی کۆمەڵە و ئێمە لەگەڵ ئەو

روانگەیەیە کە لە لایەن ئیبراهیمی عەلیزادەوە لە کۆنگرەی هەشتەمی کۆمەڵە هاتە گۆڕێ، و لە نووسراوەی "جهان امروز"ـیشدا دووپات بۆتەوە و تەنانەت لە سەنەدەکانی "کۆنگرەی نۆهەم"ـیشدا بەر چاو دەکەوێ.

لە روانگەی ئێمەوە دژایەتی و یان قەبووڵ کردنی شیعاری خودموختاری ،خۆی لە خۆیدا بە هیچ جۆرێك ناتوانێ بنەمای ناکۆکی جیددی لەگەڵ هەر کەس و لەوانە ئیبراهیمی عەلیزادەش بێ ، بەڵکوو ئەوە دەتوانێ تەنیا ناکۆکییەك بێ لە شێوەکار (تاکتیك)دا کە بە هاسانی شیاوی چاوپۆشی و یان چارەسەر کردنە ، بە مەرجێك کە بنەمای روانگەو بۆچوونمان لە حاست کێشەی نەتەوەیی وەك یەك بێ. خودموختاریش دەتوانێ یەکێك لە رێگاکان بۆ دیاری کردنی جۆری پێوەندی نێوان خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بێ و ئەگەر ئەمە ئەمڕۆ بە دڵی من نیيە و لە روانگەی منەوە دەبێ ئاڵترناتیڤی باشتر و گونجاوتر بە پێی بار و دۆخی ئەمڕۆیی بێتە گۆڕێ ، بە مانای رەدکردنەوەی بنەرەتیی و هەمیشەیی خودموختاری نیيە و بە واتەیەکیتر ئێمە شێوازی خودموختاری لە بنەرەتەوە و لە هەر بار و دۆخێکدا و لە هەر ئاستێك لە هاو سەنگی هێزدا رەد ناکەینەوە ، بەڵکوو خوازیاری ئەوەین کە شێوازێکی باشتر لە پەیوەندی حکوومەتی ناوچەیی و خەڵکی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و پێکەوە ژیانی دڵخوازانەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا ، دەس نیشان بکرێ کە هەم زامنی پەیوەندی دیموکراتیتر و هەم زامنێکی بە هێز بێ لە بەرانبەر زۆر وێژییەکانی هەر حکوومەتێکی مەرکەزی دەرهەق بە مافە نەتەوەیییەکانی نەتەوەی ژێردەست.

## مافی دیاری کردنی چارەنووس ، رێفراندۆم و مافی شارۆمەندی

روانگەی ئیبراهیمی عەلیزادە لەگەڵ روانگەی پێشووی کۆمەڵە کە بنەماکانی لە هەشت خاڵدا لە بەشی یەکەمی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان"و هەروەها لە گۆڤاری ژمارە دووی پێشرەودا لە ژێر

ناوی "کۆمەڵە و کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستان" هاتووە، دژایەتی هەیە و لە راستیدا لە سەرەتای کۆنگرەی هەشتەمەوە ئیبراهیمی عەلیزادە سیستم و روانگەیەکی تازەی لە بەرانبەر روانگەی پێشووی کۆمەڵە دانا، بەڵام هیچکات نەیویست بە رۆشنی وەها دژایەتییەك وەئەستۆ بگرێ، یان هەتا ئێستا ئەمەی بە سەڵاح نەزانیوە و، یان ویستوویەتی ئەم گۆرینی سیاسەتە لە سەرخۆ و بێدەنگ بەرێوە بچێ. ئێمە بە کەڵك وەرگرتن لە نووسراوەکەی عەلیزادە لە گۆڤاری "جهان امروز"ی ژمارەی ٤٦ و هەروەها سەنەد و بەڵگەکانیتر هەوڵ دەدەین پێناسەکانی ئەم روانگە تازەیەی ئەو و دژایەتی و ناکۆکییەکەی لەگەڵ سیاسەتە بنەرەتیەیە مارکسیستییەکان و ، لەگەڵ روانگەی پێشووی کۆمەڵە، روون کەینەوە.

ئیبراهیمی عەلیزادە دەنووسێ: "ئێمە وتوومانە کە ستەمی نەتەوەیی تەنیا کاتێك لە ناو دەچێ کە هەر جۆرە رێگا چارەیەك بە دەنگی ئازادانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بپردرێتەوە. لێرەدا مافی جیا بوونەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربە خۆ بۆ ئێمە تەنیا راگەیاندنی هەڵوێستێکی ئوسوڵی نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ وەدیهێنانی هەلومەرجێکی دێمۆکراتیك کە تێیدا مەجالی راستەقینە بۆ کەڵك وەرگرتن لە وەها مافێك پێك بێ. *__بریاری ئێمە بۆ بانگەواز بۆ جیا بوونەوە یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێران دا، بەندە بە هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی دیاری کراوی ئەو دەورەیە کە بە کردەوە مافی دیاری کردنی چارەنووس وەدیهاتبێ. ئەگەر هاتوو ئەم خەڵکە بریاریان دا کە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە ، لەو حاڵەتەدا ئێمە بۆ خەڵکی کوردستان، خوازیاری مافی بەرابەری شارۆمەندی لەگەڵ هەموو خەڵکی دانیشتووی ئێرانین.__*" جهان امروز ، ژمارە ٤٦ ، نیوەی دووهەمی ئۆکتوبر" (ئەو شوێنانەی دیاریکراون و وەرگێرانەوەی لە فارسییەوە ، لە لایەن ئێمەوەیە.) ئەوەی لە سەرەوە هاتووە، هەموو بۆچوون و روانگەی ئیبراهیمی عەلیزادە لە حاست کێشەی نەتەوەیی و نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی لە

کوردستان، نیشان دەدات. من ڕێك لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە ناکۆکیم هەیە و لە سەر ئەو باوڕەم کە ڕازاندنەوەی دێمۆکراتیکانەی و پیرۆز کردنی "ڕێفراندۆم و ڕای گشتی پرسین" و "مافی شارۆمەندی" لە ڕاستیدا خۆدەربازکردنە لە پێشنیار کردنی هەر جۆرە گەڵاڵە و بەرنامەیەکی سەلمێنەر لە هەل و مەرجی ئێستادا، بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی. بۆ نمونە هەمووما دەزانین کە دروشمی خودموختاری لە کوردستانی ئێران لە کاتی خۆی دا گەورەترین پشتیوانی خەڵکی لە پشت بوو و جەماوەر لە زۆرێك لە شارەکان لە کۆبوونەوەی گشتی کەم وێنەدا دەنگیان بۆدا، ئەوکۆبونەوانە ڕێفراندۆمی جەماوەریی بوون، ئەگەر عەلیزادە هێندە پابەندی ڕای گشتیە بۆ و چ ڕوی داوە کە ئەوڕۆ ئەم دروشمە دەگۆڕیّ؟ خۆ بە مەنتیقی ئەو ئەم ڕادەربڕینەی ئەوکات تەواوەن دێموکراتیك بوو؟ ئاشکرایە کە سیاسەتی بانێك و دوو هەوا و پەنابردنە بەر ڕێفراندۆم بە مەبەستی خۆدزینەوە لە دەربڕینی ڕای ڕۆشنە.

لە ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵە کە زیاتر لە بیست ساڵە پێشڕەوی بزووتنەوەی جەماوەریی بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتییە و قەرارە وەك ڕێنوێنیکەری ڕزگاری نەتەوەییش بجووڵێتەوە و لە ساڵانی ڕابردوودا، لە سەرەتای ساز بوونی بزووتنەوەی جەماوەری کوردستانی ئێران لە کاتی شۆڕشی ساڵی ٥٧ی ئێرانەوە، وەها دەور و نەقشێکی بەڕێوە بردووە، قەبووڵ ناکریّ کە نەتوانیّ لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستان دەنگیان بە جیا بوونەوە نەداوە، بەرنامەیەکی ڕۆشن بۆ گەڵاڵە کردنی داخوازییە نەتەوەییەکانی ئەو خەڵکە پێشنیار بکات و تاکتیکێکی دیاریکراو بگرێتە بەر. لەو وتانەی سەرەوەی کاك بڕایم دا کەم و کووری زۆر جیددی بەرچاو دەکەون کە لە خوارەوەدا باسیان دەکەین:

لە نێوە ڕۆکی ئەم سیاسەتەدا پێکهێنانی هەل و مەرجێك لە بەرچاوە کە تێیدا ڕاپرسییەکی (ڕێفراندۆم) دێمۆکراتیك بە ڕێوە بچیّ و خەڵکی کوردستان بە جیا بوونەوە یان نەبوونەوە دەنگ بدەن. هەتا ئەو جێیەی کە هەر پێشنیار

و بۆچوونێك، و یان هەر جۆرە پێوەندییەكی نێوان حكومەتی مەركەزی و خەڵكی كوردستان دەبێ بە دەنگی ئازادانەی خەڵك بەڕێوە بچێ، نە تەنیا عەیب و ئیرادی نیە، بەڵكوو دروست و مەنتقیەیە. بەڵام بە پێی ئەو بۆچوونە یەك جار و بۆ هەمیشە خەڵكی كوردستان ناچار دەبن كە بە جیا بوونەوە دەنگی "ئەرێ" یان "نا" بدەن ، بە بڕوای من نەفسی ئەم جۆرە راپرسیە غەیرە دیمۆكراتیكە ، بۆ چی؟ چۆنكە ئەگەر خەڵكی كوردستان بە هەر هۆیەك دەنگیان بە جیابوونەوە نەدا و بە كردەوەش ستەمی نەتەوەیی كە رەگی لە مێژوو و لە نیزامی نابەرابەری كۆمەڵگای ئێستادایە، لانەچێ، خەڵكی كوردستان رێگاچارەكیان نییە بە غەیری ئەوە كە چارەنووسی خۆیان بدەنە دەست قەزا و قەدەر. لەو روانیینەدا، ئەو بۆچوونە هەڵەیە لە نێوان نەتەوە جۆرا جۆرەكانی ئێرانی و كرێكاران و زەحمەتكێشان پەرە پێدەدرێ كە، ئەگەر بێتوو نەتەوەیەك لە قۆناغێكی مێژوویی‌دا جیا نەبێتەوە، ئیتر ناتوانێ لە ماف دیاری كردنی چارەنووس بە مانای جیابوونەوە و سەربەخۆیی بەهرەمەند بێ. ئەمە رێك لە گەڵ بۆچوونی تا ئیستای ماركسیستەكان كە بە غەیری یەكگرتوویی ئازادانە و دڵخوازانەی نەتەوە جۆراجۆرەكان لە هەموو كاتێكدا مەرجێك دانانێ، لە دژایەتی دایە. دەزانین كە زۆر جار لە ئەدەبیاتی ماركسیستیدا، مەسەلەی مافی چارەنووس لەگەڵ ماف تەلاق لە لایەن ژن و مێردەوە، بەراوەرد كراوە. ئایا تەلاق لە هەردوولاوە مافێكی هەمیشەییە یان مافێكە تەنیا بۆ یەكجار كەڵك لێوەرگرتن؟ ئاساییە كە ئەمە مافێكی دێمۆكراتیكە كە سەرەڕای ئەوە كە پێشووتر بە پەیوەندێكی تەواو دێمۆكتراتیك و ئازادانەش سەری گرتبێ، لە هەر كاتێكتدا شیاوی كەڵك وەرگرتنە لە لایەن ژن یان پیاوەوە و جێگای پشتیوانی كردنە و، مافێك نییە كە تەنیا یەك جار بكرێ كەڵكی لێ وەر بگیرێ. لە روانگەی ئێمەوە ماف دیاری كردنی چارەنووس تا رادەی جیایی، و یان بە مانای یەكیەتی دڵخوازانەی نەتەوەكانیش تا كاتێك كە هۆكارە "ماددی" و فەرهەنگییەكانی ستەمی

نەتەوایەتی لە ئارا دایە و سنووره نەتەوەیی یەکان لە ناو نەچوون، مانابەخشە و شیاوی کەڵك وەرگرتنە و راپرسی گشتی تەنیا شێوازی دێمۆکراتیك و گونجاوی ئێمە بۆ دەربڕینی دەنگی ئازادانەی خەڵك لە هەر قۆناغێك دا و لە بابەت پێشنیارە دیاریکراوەکان و لەوانە پێشنیاری جیایی و سەربەخۆیی یە و چی تر. بەڵام لە روانگەی ئیبراهیمی عەلیزادەوە رێفراندۆم لە شێوازێکی دێمۆکراتیکی دەربڕینی بیر و را بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و لەناو چوونی ستەمی نەتەوەیی بەرز دەکرێتەوە و بە تەواوی بەو مانایە هاتووە و ئەمە خاڵی سەرەکی ناکۆکی ئێمەیە. و سەرەڕای ئەوەش لە روانگەی ئەوەوە راپرسی گشتی دەبێ بە جیابوونەوە یا جیانەبوونەوە، وەڵام بداتەوە و گەلی کورد بەغەیری مافی شارۆمەندی، هیچ ئاڵترناتیڤێکی تر شك نابەن. مافی شارۆمەندیش لە خۆیدا زەمانەتێك بۆ نەمانی چەوسانەوەی نەتەوەیی نییە ، هەر وەك چۆن دەست نیشان کردنی پەیوەندی دیاریکراو و دیموکراتیکی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوو لە چوارچێوەی وڵاتێکدا نەتەنیا لە گەڵ مافی شارۆمەندی دژایەتی نییە، بەڵکوو دەتوانێ وەك بەشێکی قەبووڵ کراوی مافی شارۆمەندیش بناسرێ. هەموومان دەزانین کە مافی شارۆمەندی و رادەی گەشە و بەرەوپێش چوونی ئەومافە لە وڵاتانی جۆراجۆردا پێوەندییەکی چڕوپڕی لە گەڵ قەوارەی سیاسی ئەو وڵاتە هەیە و دەبێ بروانێتە سەر پێکهاتە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکانیش. خەڵکی کورد تەنیا لە حاڵەتێکدا جیا نابنەوە کە ئەو گەلاڵە و زەمانەتە رۆشن و ناسراوانە کە پەیوەندی ئەوان لە گەڵ نەتەوەکانیتر و لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی، نیشان دەدا و دیاری دەکا، لە بەردەستیان دابێ و مافی نەتەوەیی ئەوان وەك نەتەوەیەك کە لە مێژە لە ژێر ستەم دا بووە، لە بیر و ڕای گشتی خەڵك و کرێکارانی ئێراندا، بە رەسمییەت بناسرێ و پشتیوانی لێ بکرێ. بەڵێ لەوەها کاتێك دایە کە هاندان بۆ مانەوە لە ناو یەکگرتوویییەکی دڵخوازانە لەگەڵ نەتەوەکانیتر لە نێو خەڵکی کوردستاندا جێگا دەکاتەوە و قەبووڵ دەکرێ و، ئێمەش لە وەها حالەتێك دا بە کردەوە لە

هاوپشتی و یەکگرتوویی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و کرێکاران و چەوساوەکان و ئازار چێشتوانی ئەو نەتەوانە، پارێزگاریمان کردووە. لە عەینی حاڵدا تەنانەت ئەگەر ئەو سیستەمە و ئەو بەرنامە و زەمانەتانەش بە باشی بەڕێوە نەچێ، ماف خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی ئێران بۆ جیابوونەوە، هەتا ئەو کاتەی کە سەرچاوەکانی زۆڵم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و نیزامی نابەرابەری کۆمەڵایەتی لە ناو نەچووە، دەبێ پارێزراو بێت، ئەوەش زۆر جیاوازە لە یەك جار ڕێفراندۆمەکەی کاك ئیبراهیم.

دووهەم، لەم بۆچوونەدا ، خۆ بواردن لە ڕاگەیاندنی هەڵوێست لە حاست کێشەی نەتەوایەتی تا ئەو کاتەی کە خەڵك خۆیان بڕیار بدەن بە روونی دیارە و تەنانەت تیۆریزەش کراوە.

### سەرنج بدەن :

ئیبراهیمی عەلیزادە لە گۆڤاری "جهان امروز"ی ژمارەی ٤٦دا دەڵێ "بریار بۆ بانگەواز کردن لە سەر جیابوونەوە یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا ، بەندە بە هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی دیاری کراوی ئەو دەورەیە کە مافی دیاری کردنی چارەنووس بە کردەوە وەدیهاتبێ."یانی بە گومانی ئەم روانگەیە" بریار بۆ بانگەواز کردن لە سەر جیابوونەوە یان مانەوە لە چوار چێوەی ئێراندا" تا ئەو کاتەی کە" بە کردەوە ماف دیاری کردنی چارەنووس وەدیهاتووە"، رۆشن نییە. ئەوە سیاسەتی نازانم چی بکەمە و خۆپارێزییە لە هەڵوێست گرتن کە لە گەڵ دەور و نەقشی حیزبێك کە پێشرەوی خەباتێکی دیاری کراوە، بە تەواوی جیاوازە. ئاخر برای بەرێزم! ئەگەر بە لەبەر چاو گرتنی هەموو هەل و مەرجەکان، جیابوونەوە بە دروشمی گونجاو دەزانی، دەبێ بەرلەوەی کە "بە کردەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەدی هاتبێ" و خەڵك لە سەر جیابوونەوە یان مانەوە بریاریان دابێ ، ئەم سیاسەتە ڕاگەیەنی

و ڕەواجی بدەی، بەڵام لە عەینی حاڵدا ویست و ڕەئـی خـەڵك قـەبووڵ بکـەی و ڕێزی بۆ دابنێی، ئەگەریش جیابوونەوە بە باش نـازانی، دیـسانیش دەبـێ هـەر بـەم شـێوەیە و بـەر لـە هـەر چەشـنە "ڕێفرانـدۆم" و "دیـاری کردنـی چارەنووس"ێك، بۆچوون و نەزەری خۆت ڕاگەیاندبێ. ئاخر ئەگەر خەڵك خۆیان ڕێگا و چارەنووسی خۆیان ڕاگەیاند، ڕاگەیاندنی نەزەری حیزبێکی سیاسـی کـە خـۆی بـە ڕێنوێنیکـەری بزووتنەوەکـەش دابنـێ، چ کـەڵکێکی هەیـە و بۆچـی ڕادەگەیەندرێ؟ ئایا غـەیری ئەوەیـە کـە لـە بـاری نەزەریـەوە ئامـادە نیـت بـە تـەواوی خـۆت تێکـەڵ مەسـەلەکە بکـەیت و زۆرتـر بـۆ لـە کـۆڵ خۆکردنـەوە هەڵوێست دەگریت؟

ئایا ئەگەر ئەم هەڵوێـستە نارۆشـن و غـەیرە عەمەلیـە بـەرەو مەسـەلە دێمۆکراتیکەکان و داواکاری و پێشنیار بۆ ڕێفۆرم و خواستە ڕفاهیەکان پـەرە پێبـدرێ، تووشـی گـیرو گرفـت نـابن؟ بـە چ پاسـاوێك هـەر لـە ئێـستاوە بـۆ داخوازییـە ڕفـاهی و ڕێفۆرمییـەکان، بزووتنـەوەی ژنـان، لاوان و... بەرنامـە و پێشنیاری دیاری کراو و ڕاگەیاندنی پلاتفۆرم و سیاسەت بـە پێویـست دەزانـن، (هەڵبـەت مـن لام وایـە کـارێکی دروسـت و بەجێیـە)، بـەڵام بەرنامـە داڕشـتن و ڕاگەیانـدنی سیاسـەتی ڕۆشـن لـە حاسـت بزووتنـەوەی نەتـەوەیی هـەتا کـاتی دەربڕینی هەڵوێستی خەڵك، بە پێویست نازانن؟ ئایا ئەمە دروست وبەجێیە کە هەتا کاتێك کە بزووتنەوە بۆ ڕزگاری ژنان، بزووتنـەوەی لاوان و بزووتنـەوە بـۆ ڕێفۆرم و چاکسازی، ڕەوت و چارەنووسی خۆیـان دیـاری نـەکردووە، ئێمـە لـە دەربڕین و تەبلیغ و ڕەواج دانی سیاسەتی گونجاو و شـیعاری دروسـت بـە پێـی ڕوانگەی خۆمان ، خۆ بپارێزین؟ ئەگەر وا نیە، ئەی تایبەتمەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی وەك داخوازیەکی دێموکراتیـك لـە چی دایە کە لـەو چوارچـێوەیەدا ناگونجـێ و بـە نـەزەری ئیبراهیمـی عـەلیزادە دیاری کردنی شیعار و بەرنامە بۆ داڕشتنی لە ئێستاوە ، پێویست نییە؟

ئەم جۆرە سەرلێشێواوییە لە سیاسەت و نەگرتنە بەری تاکتیکی رۆشن و دیاریکراو لە هەل و مەرجی ئێستا دا و، تەنانەت قسەی دژبەیەك کردن لەم بابەتەوە و قەفا و قەف کردنی بۆچوونەکان، نیشانەی رارایی جیدی لە ئەسڵی مەسەلەکە دایە ولە ئاکام دا ناتوانێ سیاسەت و شێوەکاری بەکەڵکی لەم بابەتەوە لێبێتەوە. هەرچەندیش راگەیاندرێ کە "بۆ ئێمە" مافی دیاری کردنی چارەنووس"تەنیا راگەیاندنی هەڵوێستێکی ئوسوڵی نییە"، لە راستیدا هەتا ئەو مەسەلەیە نەبێتە تاکتیکێکی رۆشن و شیاوی باس و تەبلیغ کردن و رەواج دان لە نێو خەڵك دا، تەنیا لە دەربڕینی بە ئەمەگ بوون لە حاست خاڵێکی تیئۆریك، بەلاّم نەکەوتنە شوێنی هەتا گرتنە بەری سیاسەتێکی روون لە هەلومەرجی ئێستا (واتە تاکتیك) زیاتر، هیچ تر نییە.

لە روانگەی ئیبراهمی عەلیزادە دژایەتی کردن لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی پێشووی کۆمەڵە، دژایەتی لەگەڵ بەرنامە و پێشنیاری دیاریکراو لە هەل و مەرجی ئێستا دا و، خۆ بواردن لە دەربڕینی بۆچوونی رۆشن لە حاست جیابوونەوە یان جیانەبوونەوە و بەستنەوەی ئەو هەڵوێستە بەو کاتەوە کە مافی دیاری کردنی چارە نووس وەدەست هاتبێ، بە هەڵە نییە، بەڵکوو بە هۆی کاریگەری ئەو روانگە ناسراوەیە لە سەر زەینی عەلیزادە کە ئەسڵی مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارە نووسی خۆیاندا، بە پێی تێگەیشتنی تا ئێستای مارکسیستی قەبووڵ ناکا و تەنانەت لە شێوەی توندرەوانەی ئەم روانگەیەدا لەگەڵ ئەم ئەسڵە بنەرەتیەیە دژایەتی دەکرێ (نمونە ئێرانییەکەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریەیە)، سەبارەت بە روانینی عەلیزادە دەبێبڵێین کە هیچ نەبێ لە حاست جێگا و شوێنی کێشەی نەتەوایەتی و پێویستیی رەچاو کردنی سیاسەتێکی کاریگەر و سەلمێنەر لە ئێستاوە، هەر وەك چۆن لە بابەت مەیدانەکانیتری بزووتنەوەی دێموکراتیك، قەبووڵی کردووە و دانیان پێدادێنێ، بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا تووشی دوو دڵی و رارایی جیدیەیە. هەر بەو هۆیەشە کە لە دەربڕینی راشکاوانە و رۆشنی بیرو را

سەبارەت بە روانگە و سیاسەتەکانی پێشووی کۆمەڵە کە تایبەتمەندی‌یەکانی لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە سەرەوە دا باس کراوە، خۆ دەبوێرێ. ئایا بە هەڵکەوتە کە سەرەڕای هەر ناکۆکی‌یەکی رواڵەتی و سەر زارەکی لە دەربڕینی نەزەر و بۆچووندا، شیعارەکان و ئاکامی پراتیکی سیاسەتی کومونیزمی کریکاری و ئیبراهیمی عەلیزادە، هەر دووکیان دژایەتی‌یان هەیە لەگەڵ گەڵاڵەی دیاری کراو و"بەرنامە دارێژیی" بۆ مەسەلەی میللی، هەرتك لایان رێگا حەللیان "رێفراندۆمە" بۆ جیابوونەوە، ئەرێ یان نا؟ و لە ئەگەری جیانەبوونەوەدا، تەنیا ئاڵترناتیڤی ئەوان بۆ خەڵکی کوردستان "مافی شارۆمەندی"یە و هیچیتر؟ بە بڕوای من فەرقی ا.عەلیزادە لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم بابەتەوە ئەوەیە کە ئەوان سیستمەکەیان سەروبەری هەیە و سەریحن، بەڵام کاك برایم چونکوو رێکخراوەکەی دەستی لە کوردستان گیرە، ئەوەندە سەراحەتی نییە یان بە مەسڵەحەتی نازانێ، دەنا هەر ئەو سیاسەت و دروشمانەی نەدەکردە ئاڵای خۆی لە بەرانبەر بۆچوونی دروستی پێشووتری کومەڵە. گەر وانییە خۆ ئێمە پێمان خۆشە، با فەرقی دروشم و سیاسەتەکانی خۆی و ئەوان دەربارەی رێگای چارەسەری مەسەلەی میللی بۆ هەمووان روون کاتەوە و ئێمەش لە ئیشتبا دەربێنێ.

سەرەنجام ئیبراهیمی عەلیزادە داوا لە ئێمە دەکا کە بۆ چوونەکانی خۆمان لە حاست کێشەی نەتەوایەتی راگەیەنین، لەم بابەتەوە دەبێ‌بڵێم کە چ لە"افق سوسیالیزم"ی ژمارە چوار دا و چ لە گۆڤاری پێشڕەوی ژمارە دووی سالی ١٣٦٠دا و چ لە بەشی یەکەمی "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان"دا بۆچوونە سەلمێنەرەکان و روانگەی ئێمە لەم بارەیەوە بە وردی باس کراون و وا بزانم لەم نووسراوەیەشدا بە رادەی پێویست رۆشن بێ کە بۆچوون و روانگەی من لەم بابەتەوە چی‌یە، بەڵام جارێکی‌تر بە کورتی سەر خەتی بۆ چوونەکانی خۆم باس دەکەم:

شێعاری مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا هەتا ئاستی جیابوونەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەسڵ و بنەمای روانگە و سیاسەتی ئێمە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی لە کوردستانە و، جیابوونەوە و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆش بە مافی ئاسایی و بێئەم لاوئەولای خەڵکی کوردستان لە ناوچەکەدا دەزانین و، بە هەموو هێزو تواناوە لەو مافە پشتیوانی دەکەین و تێدەکۆشین کە خەڵکی کوردستان لە هەر بارێکەوە بکەونە هەل و مەرجێك کە بتوانن لەو بارەوە بە شێوەی ئازاد و بە بێهیچ چەشنە گوشارێك هەڵوێست بگرن و دەنگ بدەن.

لە هەل و مەرجی ئێستادا و بە لە بەر چاو گرتنی هەموو لایەنەکان، ئێمە لە کوردستانی ئێران خەڵك بۆ دەنگ دان بە جیابوونەوە هان نادەین، هەر چەند لەوانەیە لە هەل ومەرجێکی دیکە دا، وەها هاندانێك بە دروست و گونجاو بزانین. بە شێوەی دیاری کراو لە سەر ئەو باوەرەم کە بە جێگای شیعاری خودموختاری، ئێرانی" فێدراتیو" و دامەزراندنی حکومەتی ناوچەیی فیدراڵ لە کوردستاندا وەك دروشمی ئێستای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران، تەبلیغ بکەین و رەواجی بدەین. بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئێران کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەیی‌یە، بە سەرنج دان لە پێشینەی مێژوویی دیکتاتۆری و خەفەقان لەم وڵاتەدا و بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە دەوڵەتی مەرکەزی لە ئێراندا لە"سانترالیزمێکی" بە هێز بەهرەمەند بووە و هەیە، کە وابوو یەکێك لە رێگەکانی پاراستنی دێمۆکراسی کەم کردنەوەی هێز و دەسەڵاتی مەرکەزیی وئەو"سانترالیزمە"و دابەش کردنی دەسەڵاتی سیاسی ودێسانترالێزە کردنی دەسەڵات بە پێویست و لە پێناوی پەرەسەندنی دێمۆکراسی و بە قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران دەزانم. هەم زەمانەتێکی زیاترە بۆ پاراستنی پێکەوە ژیانی ئاشتی‌یانە و، یەکگرتوویی دڵخوازنەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و حکوومەتە ناوچەیی‌یە "فیدراڵە"کان لە ئێراندا.

ئێستا هەڵسەنگاندن و قەزاوەت کردن بە خوێنەر دەسپێرین کە کام یەك لە ئێمە یان ئیبراهیم عەلیزادە ، "شەرمنانە"و لە پێچ و پەنادا هەڵوێست و بۆچوون دەردەبڕێ و"راشکاوی" لە راگەیاندن و دەربڕینی هەڵوێست و بۆچوونەکانی دا نییە و، ئەگەر بروانینە "سیاسەتی بیست ساڵەی کۆمەڵە"، کێیە کە هەڵگەراوەتەوە و ئاڵ و گۆڕی فیکری بە سەر دا هاتووە؟ پێویستە هەر لێرە دا بڵێم کە لە مەجالی تردا بە وردی دەچینە سەر لێکدانەوەی روانگەی ئیبراهمیی عەلیزادە لە بابەت ئەزموونە مێژوویی‌یەکانی"فیدرالیزم"و هتد (کە نەك لە "جهان امروز"دا، بەڵکوو لە بۆنەگەلی تردا لەو بابەتانەوە راو بۆچوونی دەربڕیوە).

٦ ئاگوستی ٢٠٠٠

# دژایەتی کردن لەگەڵ تەرحی فیدرالیزمی کۆمەڵە، بە کام شێوە؟

بەهمەن عەلی یار

یەكێك لەو مەسەلە گرینگانەی كە لە كۆنگرەی ٩ی كۆمەڵە لـە هـاوینی ئـەو ساڵدا درایە بەر باس و لێكۆڵینەوە، سیستمی حكوومەتی داهاتووی ئێران بـوو و لە ئاكامی ئەو باسەدا بڕیارنامەیەك سەبارەت بە "پێویستی گۆڕانی ساختاری سیاسی ئێران بە وڵاتێكی فیدڕاتیو" پەسند كرا.

ئـەو بـیرە كـە سیـستمێكی حكوومـەتی فیـدڕاڵ بـۆ ئێـران كـە وڵاتێكـی فرەنەتەوەیە، باشترین سیستمی حكوومەتییە، لە ڕاستیدا نزیكەی ٣ساڵ لـەوە پێش– ساڵونیوێك پێش جیابوونەوەی كۆمەڵە لە حیزبی كۆمۆنیـستی ئێـران– لە تەشكیلاتی ئێمە مەترەح كرا، بەڵام بە داخەوە ڕێبەری ئەو كاتی كۆمەڵە بـە سازكردن و زەق كردنەوەی كێشەی نێوخـۆی تەشـكیلاتی و جینـاحی، مـەجالی قسە لێكردن و باس و لێكۆڵینەوەی زیاتری لەو مەوزووعە نەدا. لە ئاكامـدا ئـەو باسەش وەك باقی مەسەلە سیاسییەكانی دیكە كە بۆچوونی جیاواز لە سەریان هەبوو، كەوتە پەڕاوێزی كێشە تەشكیلاتیەكانەوە. لە سـەروبەندی كـۆنگرەی ٩ی كۆمەڵەدا ئەو باسە دووبارە هاتـەوە گـۆڕێ و سـەرەنجام وەك تـەرحێك لـە لایەن كۆمەڵەوە بۆ داهاتووی حكوومەت لە ئێران لە كۆنگرەدا پەسند كرا.

پەسند بوونی ئەو تەرحە لە کۆنگرەدا، لە لایەن ئێمەوە بە هیچ جۆرێك بە مانای داخستنی دەرگای قسە و باس و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو مەوزووعە نییە. بە هۆی ئەوەی ئێمە ئەو مەسەلەیە بە مەسەلەیەکی گرینگی پێوەندیدار بە داهاتووی ئێران و کوردستانی دەزانین پێمان خۆشە و پێشوازی دەکەین لەوەی کە هەر کەس چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی تەشکیلاتدا ئەگەر رێگا حەللێکی دیکەی بەنەزەر دەگا، یا تەنانەت کەموکووڕی و لاوازییەك لە تەرحەکەی ئێمەدا دەبینێ، ئاڵترناتیڤ و رێگاچارەی خۆی باس بکا یا ئەو شتانەی پێی وایە لە تەرحەکەی ئێمەدا هەڵە یا نادروستن، بداتە بەر رەخنە و ئەوەی پێی وایە کە کەموکووڕین بیانخاتە بەر چاو. ئەڵبەتە ئاشکرایە مەبەستی ئێمە قسە و باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بیرلێکراوە و بە پێی دەلیل و مەنتیقەوە پێمان وایە ئەو جۆرە رەخنە لێگرتنە یارمەتیدەر دەبێ.

یەکێك لەو کەسانەی موخالیفی ئەو تەرحەی کۆمەڵەیە، هاوڕێ حوسێن شەبەق یەکێك لە هاوڕێیانی خۆمانە. کاك حوسێن لە دوو نووسراوە بە نێوەکانی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ چ ئامانجێك ساغ بۆتەوە؟" و "ئایا حکومەتی فێدڕاتیو پارێزەری عەدالەتی کۆمەڵایەتی و چارەسەری مەسەلەی میللی‌یە لە ئێران؟" کە لە رۆژەکانی ١٧ و ١٨ی نوامبر لە سەر تۆڕی ئینتێرنێت (سایتی بروسکە) بڵاو بوونەتەوە، دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەو تەرحە بە دوور و درێژی باس کردووە. بەڵام بە داخەوە دژایەتی کردنەکەی ئەو نەك بە پێی لێکدانەوەیەکی زانستی و رەخنەگرتنێکی مەنتیقی یا قسە و باس و ئیدیعای بە پێی بەڵگە و مەدرەك بێ، بەڵکوو تێکەڵاوێکە لە کۆمەڵێك تەحریف و هەڵگێڕانەوەی بۆچوونەکانی کۆمەڵە، ئیدیعای بێ‌دەلیل و مەدەرك، تۆمەتی ناڕەواو زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە کە دیسانیش بە داخەوە

به زمانێکی زۆر غـەیری سیاسـی و لـە قـالبی قـسەی ڕەق و نـاخۆش و تـۆپ و تەشـەردا بـەیان کـراوە. بـۆ ڕوون بوونـەوەی زیـاتری مەسـەلەکان و خـستنە بەرچـاوی ئـیرادە سـەرەکییەکانی نووسـراوەکانی کـاک حوسـێن، هـەرکام لـەو لایەنانە بەجیا باس دەکەم.

١. ئینسان کاتێك نووسراوەکانی کاك حوسێن دەخوێنێتەوە، دەبینێ کە ئەو لە زۆر جێگا و زۆر بە توندی ڕەخنـە لـە ڕێبـەری ئێـستای کۆمەڵـە دەگـرێ کـە هەڵوێـستی ڕۆشـنی نـەگرتووە، سـەراحەتی نەبووە، ئەوەی دەبوو بیڵێ بە ڕاشـکاوی نـەیکوتووە و...، بـەڵام هەرچـی چـاو دەگێـڕێ نـەزەری سـەریح و ڕۆشـنی کـاك حوسـێن خۆی، نابینی. ئەڵبەتە لە ڕووی ئەو عیبارات و ئیستیلاحانەی کـە بە کـاری دەبـا وەك: "ڕزگـاری خـەڵکی کـورد لـە بندەسـتی هـەر حکومـەتێکی مەرکـەزی"، "ڕزگـاری یـەکجاری لـە بندەسـتی داگیرکـەران"، "خـەبات بـۆ سـەربەخۆیی"، "ڕزگـاری خـەڵکی کوردسـتان لـە بندەسـتی حکومەتـە مەرکەزییـەکان" و... بـۆت دەردەکەوێ کە کاك حوسێن خوازیاری جیابوونـەوەی کوردسـتان لە ئێران و پێك هاتنی حکومـەتی سـەربەخۆی کوردسـتانە. بـەڵام ئـەو نـە لـە کـۆنگرەدا کەلیمەیـەکی لـەو بابەتـەوە کـوت، نـە لـەو نووسراوانەیدا بە ڕاشـکاوی نـەزەراتی خـۆی بـاس دەکـا. ئەگـەر کاك حوسێن ئەو تۆمەتەی لـە ڕێبـەریی کۆمەڵـەی دەدا و لـە زۆر جێ بەوە تاوانباری دەکا کە: "بـە بـاوەڕی ئـەوان (یـانی ڕێبـەری کۆمەڵـە) سـەربەخۆیی کوردسـتان– ئەگـەر ڕۆژێـك لـە ڕۆژان قەباحەتێکی وا بقەومێ– ئەوە ڕێك لادان لە سۆسیالیزمە و قیبلـە کەج بوونـە کـوفری موتڵـەق ڕوودانـە"، لێـی وە ڕاسـت گـەڕاوە و

لەبەر ئەوە قسەی نەکردووە، ئەوەشی وانیە، چون هەم فەرهەنگی تەشکیلاتی کۆمەڵە ئەوەیە هەر کەس قسەی هەبێ دەیکا، هەم لە کۆمەڵەدا کەس پێی وانەبووە و ئێستاش پێی وانییە جیابوونەوە لە ئێران یانی لادان لە سۆسیالیزم و مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا یانی باوەڕی سۆسیالیستی. دەکرێ لە ئێرانیش جیابیەوە و سۆسیالیستیش بی، دەکرێ لە چوارچێوەی ئێرانیشدا بمێنیەوە و باوەڕیشت بە سۆسیالیزم نەبێ. ئەو دووانە هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆیان پێکەوە نییە. بێجگە لەوە هەموو ئەسناد و نووسراوە و بڵاوکراوەکانی ئێستا و رابردووی کۆمەڵە بە روونی نیشان دەدەن کە کۆمەڵە هەمیشە لە سەر ئەو بڕوایە بووە کە هەموو میللەتێك مافی ئەوەی هەیە حکومەتی سەربەخۆی خۆی پێك بێنێ و دیفاعی لێکردووە. کاك حوسێن ئەگەر سەبارەت بە چۆنیەتیی وەدیهاتنی مافی و داخوازییەکانی خەڵکی کورد ڕاوبۆچوونێکی دیکەی هەیە[1]، باش وایە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی بە وردی و بە رۆشنی باس بکا و بیداتە بەر قەزاوەتی گشتی. ئەو ئیرادەی ئەو بە نادروست لە رێبەری کۆمەڵەی دەگرێ، لە قسە و باسەکەی خۆیدا بەدی دەکرێ.

٢. کاك حوسێن لە لاپەڕەی ٦ی نووسراوەی دووهەمیدا دەڵێ: "هێندێك لەو هاوڕێیانە (یانی هێندێك لە رێبەری ئێستای کۆمەڵە) سەربەخۆیی کوردستانیان پێ زوویە، واتە دەڵێن جارێ زوویە

---

[1] تێبینی: لە دەقە ئەسڵییەکە بۆچوونەکان هاتوون.

هێشتا وەختی نەهاتووە، هەلومەرج ئامادە نەبووە، دوژمنانمان زۆرە، دەردمان زۆرگرانە، لە خەباتێکی وادا سەرکەوتنمان مەحاڵە، جارێ لێیگەڕێین باشترە و ..."، بە و قسانەی وا دەنوێنێ کە کەسانی دیکەش هەن وەك ئەو بیر دەکەنەوە، بەڵام دەری نابڕن.

منیش وەك کاك حوسێن ڕێبەریی ئێستای کۆمەڵە بەباشی و لە نزیکەوە دەناسم، نەك هەر لە نێو ئەواندا، بەڵکوو لە نێو هەموو کۆمەڵەدا کێ وای کوتووە یا وا بیر دەکاتەوە؟ دروستی یان نادروستی ئەو نەزەرە بە جێگای خۆی، شتی وا هەر باس نەکراوە. بێجگە لەوە، ڕێبەری تەشکیلاتێکی سیاسی کە دەیەوێ لە چارەسەری میللەتێك تەسمیم بگرێ، چۆن دەتوانێ بەو شێوەیەی سەرەوە عەمەل بکا؟ بۆ ڕێبەرییەکی کە پێی وابێ سەربەخۆ بوون ڕێگای دروستی چارەسەربوونی کێشەی خەڵکی کوردە، "زووە و وەختی نەهاتووە" یانی چی؟ کەی وەختی دێ؟ "هەلومەرج ئامادە نەبووە و جارێ لێی گەڕێین باشترە" مەنزوور چییە؟ هەلومەرجەکەی ئامادە دەبێ و کێ ئامادەی دەکا؟ ئەگەر جارێ لێی گەڕێین باشترە، ئەدی کە باسەکە بێنینە گۆڕێ؟ و...

ڕێبەریی جەرەیانێکی سیاسی بە تایبەت ئەگەر بیەوێ بۆ مەسەلە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان تەسمیم بگرێ. ئەگەر بڕوای بە شتێك بوو، نایشارێتەوە، ناڵێ زووە و وەختی نەهاتووە، بەڵکوو باسەکەی دەکا، تەوزیحی دەدا و خەڵکی لە سەر بە قەناعەت دەگەیەنێ. ئەگەر ڕێگاچارەیەکی بۆ موشکلێکی کۆمەڵایەتی دۆزییەوە، ناڵێ هەلومەرج ئامادە نییە جارێ لێی گەڕێین باشترە، بەڵکوو نەقشە دادەڕێژێ تا کەندوکۆسپی سەر ڕێگاکەی لابەرێ. تەرحی جیاکردنەوەی میللەتێکی چەند میلیۆنی لە وڵاتێکی گەورەی

وەك ئێران و لە مەنتیقەیەکی حەساسی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆ کارێك نییە بە دزی و بە تاریکەشەو بتوانی بیکەی تا ڕاوەستی تاریك دابێ و دوژمن خەوی لێبکەوێ. ڕێبەرییەکی جیددی تەشکیلاتێکی جەماوەری ناتوانێ بەو شێوەیەی کاك حوسێن باسی دەکات تەسمیم بگرێ، لە کۆمەڵەشدا کەس ئاوا تەسمیم ناگرێ.

٣. یەکێکی دیکە لە ئیرادە سەرەکییەکانی نووسراوەکانی کاك حوسێن تاوانبارکردنی ناڕەوا، تۆمەت لێدان، و تەحریف و هەڵگێڕانەوەی بۆچوون و سیاسەتەکانی ڕێبەری کۆمەڵەیە، بۆ نموونە:

الف) کاك حوسێن ڕێبەری ئێستای کۆمەڵە بەوە تاوانبار دەکا کە لەو کۆنگرەیەدا دیفاعێکی ڕاستەقینەی لە ماف و داخوازییەکان خەڵکی کورد نەکردووە و لەو بابەتەوە دەڵێ: "کۆنگرەی ٩ی کۆمەڵە... بێدەنگ و بە تاڵ و خامۆش بوو... لە ئاست داکۆکی کردنێکی ڕاشکاوانە لە مافی ژیانێکی ئازاد بۆ خەڵکی کوردستان، لە ئاست دیفاع لە ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە بندەستی و هەر حکومەتێکی مەرکەزیدا"، یا دەڵێ سیاسەتی ئێستای کۆمەڵەیان یەك لا و ڕۆشن نەکردۆتەوە و لە ئاست ئەوەی کە "ئایا ئەوان باوەڕیان بە خەبات بۆ ڕزگاری خەڵکی کوردستان لە ژێردەستی حکومەتە مەرکەزییەکان و ڕزگاری لە چەوسانەوەی و ستەمی میللی هەیە یان نا؟ یا دەڵێ: "مەسلەحەت وابوو کە خەڵك هەموو بە پانەوە پاش گوێ بخرێن و خواست و ئامانجەکانیان بە هیچ دابندرێت، مەسلەحەت وابوو باسێك لە ڕزگاری خەڵکی کورد لە بن دەستی نەکرێت یا ڕابەری سیاسی ئێستای کۆمەڵە بە پێی مەسلەحەت نەبوو مافی ڕزگاری یەکجاری خەڵکی کوردستانی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران، دیار و ڕۆشن

بخرێتـە نـاو بەرنامـە و ئەساسـنامەی کۆمەڵـەوە"، و زۆر شـتی دیکـەش لـەو بابەتەوە. لـەو ئیدیعایانـە دا ئیغـراقیش دەکـا و دەڵـێ لـە پێوەنـد لەگـەڵ ئـەو مەسـەلانەدا کـەلامێك لـە زمانیـان نەهاتـە دەرێ و خـەتێك نەچـووە سـەر کاغەزیان.

زوو روون و ئاشـکرایە ئـەو ئیدیعایانـەی کـاك حوسـێن راسـت نییـە. بێجگـە لەوەی بەشی زۆری قسە و باسەکانی کۆنگرە بە مەسایلی کوردستان پێوەنـدی دەخواردەوە، دوو بڕیارنامەش پەسند کرا کە تێیاندا بۆچوونەکانی کۆمەڵـە لـە سەر چۆنیەتی رێبەری کردن و بە سەرەنجام گەیاندنی موبارزەی خەڵکی کـورد بە روونی باسی لێکراوە. لە بڕیارنامەیەکدا "ئامانجەکان و ئیستراتێژی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا" و لە بڕیارنامەیەکی دیکەدا "بەرنامەی کۆمەڵە بـۆ پێك هێنانی حکومەتی فێدراڵ و دامەزراندنی حاکمییەتی خەڵك لە کوردسـتان" بـاس کـراوە. هـەر کـەس ئـەو دوو بڕیارنامەیـە بخوێنێتـەوە بـۆی دەردەکـەوێ کۆمەڵە لەو بابەتەوە دەڵێ چی. کـە وایـە حەقیقـەتی مەسـەلە ئـەوە نییـە کـە رێبەری کۆمەڵە قسەی رۆشنی نەکردووە، بەڵکوو مەسـەلە ئەوەیـە کـە ئـەوەی کوتراوە بە دڵی کاك حوسێن نییە. رێبەری ئێستا و کـۆنگرەی ٩ی کۆمەڵـە لـە جیابوونـەوە لـە ئێـران و پێـك هێنـانی حکومـەتی سـەربەخۆی کوردسـتانی بـە رێگایەکی موناسب بۆ چارەسەر کردنی ستەمی نەتەوایەتی و حەللی مەسـەلەی کورد نـەزانیوە و لـەو بابەتـەوە وەك کـاك حوسـێن بیرناکاتـەوە، ئەوەشـی بـە ئاشکرا راگەیاندووە. ئەوە بەو مانایە نییە کـە ئێمـە نـەزەرمان نییـە یـا ئەگـەر هەشمان بێ رۆشن نییە و بە راشکاوی نەمان کوتووە. کاك حوسێن ئەگەر پێـی وابێ هەر کەس وەك ئەو بیری نەکردەوە، قسەی نەکردووە یان مـەعلووم نییـە دەڵـێ چـی، تـەنیا دڵچـکۆلەیی و کـەم زەرفییـەتی خـۆی لـە بـاس موبـارزەی سیاسیدا نیشان دەدا.

لێرەدا ئەوەش بڵێم ئێمە تەنانەت ئەگەر لەو بابەتەوە وەك كاك حوسـێنیش بیرمان كردباوە، بەو زمان و بەو ئیستیلاحانەی وەك "رزگاری لـە بـندەسـتی هەر حكومەتێكی مەركەزی"، "رزگاری یەگجاری لە ژێر پۆسـتاڵی داگیركـەران" و... بـەیانمان نـەدەكرد. ئـەوە زمـان ئیـستیلاحاتێكی غـەیرە چـینایەتی و نادەقیقە كە ناسیۆنالیستەكان بۆ شاردنەوەی ناوەرۆكی چینایەتی مەقوولەكان بەكاری دێنن.

ب) مەوزووعێكی دیكـە كـە لـە نووسـراوەكانی كـاك حوسـێن دا بـە ئاشـكرا تەحریف كراوە و رێك بە پێچەوانە نیشان دراوە، تەسویرێكە كە ئە و لـە زمـان رێبەری كۆمەڵەوە لە چۆنیەتی وەدیهاتنی ماف و داخوازییەكانی خـەڵكی كـورد و لە ناوچوونی ستەمی نەتەوایەتی لە كوردستان، دەیدا. بـە پێـی ئـەو شـتەی كاك حوسێن لە زمان رێبـەری كۆمەڵـەوە باسـی دەكـا، رێبـەری كۆمەڵـە دەبـێ لەسەر ئەو بڕوایە بێ كـە: اولاً **"تمامیت ارضـی"** یـا بـە قـەولی كـاك حوسـێن چوارچـێوە و هێڵـی سـنوورەكانی ئێـران بـە هـیچ جۆرێـك دەسـتی لێنـەدرێ و بپارێزرێ، ثانیـاً هـەر چـۆنێك بـووە دڵـی دەوڵـەتی مەركـەزی بـۆ دانـی حـەقی خەڵكی كورد نەرم بكرێ و بە قەولی كاك حوسێن سواڵی مـافی خـەڵكی كـوردی لێ بكرێ، ثالثاً ئەگەر ئەوە نەكرا خەڵكی كـورد دەسـت لـە سەردەسـت دانـێ و چاوەڕوان بێ تا بەرەی چەپ لە ئێـران حكومـەتی سۆسیالیـستی دامـەزرێنێ و ئەو كات حەق بە خەڵكی كورد ببەخشێ.

نووسراوەكانی كاك حوسێن لەو بابەتەوە پڕە لە تۆمـەت و بوختـان و قـسە بـۆ هەڵبەسـتنی وەك ئـەوەی كـە: "كـۆنگرەی ٩ی كۆمەڵـە... پڕاوپـڕ بـوو لـە تـەبلیغی ئێرانـچییەتی و سۆسـیالیزمی بـەزۆر رەنـگ كـراوی ئێرانـی و سـواڵە سیاسی لە حكومەتی مەركەزی ئێستا" یا "ئەم رابەرییە پێی مەسلەحەت نییـە

تا فەرهەنگی سوالّ کردنی سیاسی لە حکومەتی مەرکەزی رووشێندرێت یا خەوشی تێبکەوێت" یا "... ئەوە وەك ئەوە وایە کە بلّێن: گەلی کورد! ئێوە هیچ کارێك مەکەن بۆ رزگاری خۆتان لە بندەستی تا هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی سەر رێگای سۆسیالیسمەکەی ئێمە لادەبردێن" یا "من بە کەسری شانی پێشمەرگەی کۆمەڵەی دەزانم ئەو باوەڕەی کە فێریان دەکا تا چاو لە دەستی حکومەتی مەرکەزی بن بۆ فێدڕاتیو، یان بە گوێیاندا رادەهێڵێ کە ملکەچ و موخلیسی بەرەی چەپ بن، چونکە بە بێ هیممەتی چەند پاڵەوان پەنبە لە بەرەی چەپی ئێراندا کە ئینشاڵڵا رۆژێك لە رۆژان ئێران رزگار دەکەن و سۆسیالیسم پیادە دەکەن و ئەو جار خەڵکی کورد سواری ئەسپی رزگاری یان فێدراتیو دەکەن، ئێمە محاڵە رزگاری بە چاوی خۆمان ببینین"، و زۆر نموونەی دیکەش کە هەر کەس نووسراوەکانی ئەوی خوێندبێتەوە چاوی پێیان کەوتووە.

تەسویرێکی کە کاك حوسێن بەو شێوەیە لە روانگە و بۆچوونەکانی رێبەەی کۆمەڵەی دەدا، تەسویرێکی بە تەواو مەعنا تەحریف کراو و غەیری واقعییە. بۆ ئەوەی راستی مەسەلەکان دەرکە وێ لە هەر کام لەو مەوزووعانە بڕێك زیاتر ورد ببینەوە:

اولاً: کاك حوسێن رێبەری کۆمەڵە بەوە تاوانبار دەکا کە پاراستنی "تمامیت ارضی" ئێران یا بە قەولی ئەو پاراستنی چوارچێوەی وڵاتی ئێرانی مەزن بۆی بووەتە ئەسڵێك و بۆی بووەتە شتێکی موقەددەس، و لە پێناو ئەوەدا چاوی لە مافەکانی خەڵکی کورد پۆشیوە. بەڵام هەمووکەس دەزانێ کۆمەڵە لە باری فکری و عەقیدەتییەوە رێکخراوێکی کۆمۆنیستییە و بۆ کۆمۆنیستەکان هیچ سنوورێك موقەددەس نییە و پاراستنی هیچ سنوورێك ئەسڵ نییە. لە باری سیاسیشەوە لە بیست ساڵ لەوە پێشەوە و ئێستاش

کۆمەڵە داوای مافی میللەتانی دانیشتووی ئێران بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و لەوانە مافی جودابوونەوەی هەر میللەتێك و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دەکا. ئایا ئەوە یانی پاراستنی **"تمامیت ارضی"** یا پاراستنی چوارچێوەی وڵاتی ئێرانی مەزن؟

ئەڵبەتە ئێمە وەك کۆمەڵە سەرەڕای ئەوەی پێمان وایە هەموو میللەتێك مافی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ و بە تەواوی دیفاع لەو مافە دەکەین، بە پێی لێکدانەوەیەکی کە لە سەر ئەوزاعی سیاسیی ئێران و مەنتیقە هەمانە، لە سەر ئەو بڕوایەین پێکەوە مانەوە و یەکگرتوویی داوتەڵەبانەی میللەتە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە ئێران، بە قازانجی خۆیان و بە قازانجی دامەزراندنی حکومەتێکی سۆسیالیستی لە ئێرانە کە ئێمەش حەولی بۆ دەدەین. لەو روانگەیەوە ئێمە خوازیاری بەیەکەوە مانەوەی میللەتانی دانیشتووی ئێران و مانەوەی چوراچێوەی جوغرافیایی ئێستای ئێرانین. بەڵام ئەوە زۆری فەرق لەگەڵ ئەو روانگە شووینیستییە هەیە کە پێی وایە **"تمامیت ارضی"** ئێران ئەسڵێکی موقەددەسە و بە هەر قیمەتێك بووە دەبێ بپارێزرێ. کاك حوسێن بە نادورست ئەوەی دووەم بە کۆمەڵە نیسبەت دەدا.

ثانیاً: "کاك حوسێن لە نووسراوەکانی دا چەندین جار ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کۆمەڵە لە مافەکانی خەڵکی کورد لە رژیم سواڵ دەکا. سیاسەت و کردەوەکانی کۆمەڵە شتێکی شاراوە نییە لە خەڵك، هەموو کەس دەزانێ کۆمەڵە چ لە رابردوودا و چ ئێستاش بۆ وەدیهێنانی ئەوەی بڕوای پێی بووە یا خەباتی بۆ کردووە، هەمیشە ئۆسوول و پڕەنسیپەکانی موبارزەی شۆڕشگێڕانەی پاراستووە، هەر کەس کۆمەڵە لە بە لادان لەو پڕەنسیپانە

تاوانبار کا_ وەك ئەو جۆرەی کاك حوسێن دەڵێ سواڵی سیساسی لە رژیم کردووە_ وە نەتوانێ ئیسباتی بکا، تەنیا خۆی تێدا بێئیعتبیار کردووە. بەڵام ئەوە بە جێگای خۆی ئو ئەگەر لایەنی جنێو و تەوهینی قسەکەی کاك حوسێن وەلا بنێین و بمانەوێ ناوەرۆکی هەڵوێستی سیاسیی ئەو لەو بابەتەوە تێبگەین، مەعلووم نییە کاك حوسێن دەڵێ چی؟

کۆمەڵە لە زیاتر لە بیست ساڵ لەوەپێشەوە نەزەری وابووە کە مافی نەتەوایەتی خەڵکی کورد دەکرێ لەو رژیمە و لە هەر رژیمێکی بورژوازی دیکەش داوا بکەی و ئەگەر ئەو رژیمانە حازر نەبوون ئەو مافە بدەن، دەکرێ بە هێزی خەبات و موبارزەی کۆمەڵانی خەڵك و لە شەرایتێکی تایبەتیدا پێیان تەحمیل کەی. کاك حوسێن ئەگەر ئەوەی پێ سواڵی سیاسی کردنە، بۆخۆی نەزەری چییە و پێی وایە کۆمەڵە دەبێ چ بکا؟ ئەو جار کۆمەڵە ئەوە بیست ساڵە وا دەڵێ، بۆچی تا ئێستا وەدەنگ نەهاتووە؟ کاك حوسێن ئەگەر رێگایەکی بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کورد بە نەزەر دەگەیشت یا ئەگەر دەیویست باسەکانی جیددی بگرێ، دەبوایە بە جێگای قسەی رەق و تۆپ و تەشەر، هەڵوێست و نەزەری سیاسی خۆی روونتر بکاتەوە. ئەو کات ئینسان دەیتوانی لێکیداتەوە و زەرەر و قازانجی نەزەراتەکەی لە چی دایە، ئەگینا حیزبێکی جیددی سیاسی کە دەیەوێ گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر کا، ناتوانێ سیاسەت و تەسمیمەکانی خۆی لە سەر ئەساسی ئەو جۆرە ئیحساساتە غەیری سیاسییانە دابنێ.

ثانیاً: کاك حوسێن ئیدیعا دەکا کە رێبەری کۆمەڵە خەڵکی کورد چاوەڕوان رادەگرێ و پێیان دەڵێ هیچ مەکەن تا بە یارمەتیی هێزە چەپەکانی ئێران حکومەتێکی سۆسیالیستی دادەمەزرێ و ئەو کات حەق بە خەڵکی کورد دەبەخشرێ. کاك حوسێن ئەوەشی وانییە. چون: یەکەم، هیچ کات نەزەر و

بۆچـوونی کۆمەڵـە ئـەوە نـەبووە کـە مـافی نەتەوایـەتی خـەڵکی کـورد تـا دامەزراندنی سۆسیالیزم وەدی نایا، بە پێچەوانە پێی وابووە ئەو مافـە دەکـرێ لە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتـە بورژوازییـەکانیش دا وەدی بـێ. دووهـەم، بۆچوونی کۆمەڵە قەت ئەوە نەبووە خەڵك چاوەڕوان و دەست لە سـەر دەسـت راگـرێ، بـە پێـچەوانە سیاسـەتی کۆمەڵـە هەمیـشە هێنانـە مەیـدانی خـەڵك و یەکگرتوو کردنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان بووە و پێی وابووە خـەڵك بـەهێزی موبـارزەی خۆیـان دەتـوانن مافـەکانیان وەدەسـت بێـنن. ئـەو هەڵوێـستە لـە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی ٩شدا بە روونی و بەو جۆرە دووپات بووەتەوە: "ئێمـە بـۆ بەدەسـت هێنـانی مـافی دیـاریکردنی چـارەنووس و وەدیهێنـانی ئـەو ئامانجانەی لەو بەرنامەیـە دا هـاتوون، لـە رێگـای بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی جەماوەری خەڵکی کورد تێدەکۆشین و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان بـۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەو بزووتنەوەیە و وەدیهاتنی ئەو داخوازییانـە بەسـیج دەکەین و سازمانی دەدەین. لە هەمان کاتـدا ئێمـە ئـەو داخوازییانـە بـە پـشت بەسـتن بـە خـەباتی جـەماوەری لەهـەموو دەوڵـەتێکی مەرکەزیـشدا داوا دەکەین."(بڕیارنامە سەبارەت بە "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ حکومەتێکی فیدڕاڵ و ...")

کاتێك ئەوەی کاك حوسێن دەیڵێ و ئەوەی کۆمەڵە خۆی کوتوویەتی لە پاڵ یـەکتریان دادەنێـی، بـە ئاشـکرا دیـارە کـاك حوسـێن چـەندە لـە گێڕانـەوەی هەڵوێستی کۆمەڵە لەو بابەتەوە ئەمانەتداریی کردووە. ئیرادی نووسـراوەکانی کاك حوسێن بریا هەر ئەوانە بان کە تا ئێستا بـاس کـراوە، نووسـراوەکانی زۆر عەیبی ئەساسی دیکەشیان هەیە، لەوانە:

٤. کاك حوسێن بۆ سەلماندنی دروست بوونی بۆچوونەکانی خۆی و بۆ ئەوی نیشانیدا بۆچوونەکانی کۆمەڵە نادروستە، شێوەی غەیری ئۆسوولی بەکار دەبا، بە مانایەکی دیکە لە موناقەشەی فکری و نەزەریدا پەنا بۆ شێوەی نادروست و غەیری ئۆسوولی دەبا. بۆ نموونە بۆ ئەوەی نیشانی دا تەرحی فیدراڵیزمی پەسندکراوی کۆنگرەی ٩ی کۆمەڵە تەرحێکی نادروستە، وەك دوو نموونەی سەرکەوتووی سیستمی فیدراڵ کە لە دوو سیستمی جیاوازی سەرمایەداری و بە قەولی ئەو سۆسیالیستیدا دامەزراون، ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت بە بەڵگە دێنێتەوە و بە دوور و درێژی ماهییەتی دزێوی حکوومەتەکانی ئەو دوو وڵاتە و جینایەت و کارە خراپەکانی ئەوان دەخاتە بەر چاو، و بۆ ئەوەی نەتیجەیەکی گرتبێ دەپرسێ ئایا رێبەری کۆمەڵە ئەو حکوومەتانەی کردووەتە سەرمەشق و دەیەوێ حکوومەتی فێدراڵی داهاتووی ئێران وەك ئەوانە بێ؟ هەروەها دەپرسێ ئەگەر رێبەری کۆمەڵە ئەو دووانە بە سەرمەشق نازانێ، کام حکوومەتی فیدراڵی لە دنیا بە دڵە و وەك نموونە دەیهێنێتەوە تا حکومەتی فیدراڵی داهاتووی ئێرانیش وەها بێ؟

ئەو شێوەیە لە باسکردن و دەلیل هێنانەوە، شێوەیەکی نادروستە. لە هیچ باسێك بە شێوەی زانستیدا ناتوانێ تەنیا بە هێنانەوەی نموونە، دروست بوونی باسەکە بسەلمێنی. کاك حوسێن ئەگەر دەیویست نادروست بوونی تەرحی فێدراڵیزمی پێشنیار کراوی کۆمەڵە بسەلمێنێ، دەبوا لە ناوەرۆکی تەرحەکەی خۆی، بکۆڵێتەوە و بە دەلیلی مەنتیقی نیشانی بدا کە فیدراڵیزم ناتوانێ کێشەی نەتەوایەتی لە ئێران چارەسەر بکا. یا لانی کەم لەگەڵ

هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران و مەنتیقە نەگونجاوە و سەرکەوتنی تێدا نییە. ئەگەر ئێمەش هەر بە مێتۆدی خۆی پرسیاری لێ بکەین، کاک حوسێن زۆر زوو تێدەکەوێ و بە بێجواب دەمێنێتەوە. ئایا ئێمەش بۆمان هەیە بە پێی وەزعییەتێکی کە لە ولاتانی وەك ئەفغانستان، بەنگلادێش یان ئەو ولاتانەی دوای تێك رووخانی یەکێتی سۆڤییەت سەربەخۆییان وەرگرتووە، یا تەنانەت خودی ئەمریکا هەیە، پرسیاری لێبکەین، ئەگەر کاک حوسێن رێگا چارەی خەڵکی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەوە دەزانێ کە کوردستان حکوومەتی سەربەخۆی خۆی پێك بێنێ، کام یەك لەو ولاتە سەربەخۆیانەی سەرەوە یا تەنانەت کام ولاتی سەربەخۆی ئێستای دنیای مەنزوورە تا کوردستان وەك ئەوی لێ بکەین؟ دەتوانین ئێمەش لێی بپرسین ئایا کاک حوسێن دەیەوێ کوردستان وەك بەنگلادێش لێ بکا؟

کاک حوسێن لە بەشێکی دیکەی نووسراوەکەی دا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ فیدراڵیزم رێگا چارەیەکی گونجاو بۆ داهاتووی سیاسی ئێران و حەللی کێشەی نەتەوایەتی نییە ئاوا دەڵێ: "بەلام ئایا بەڕاستی تەبلیغ و دیفاع لە حکومەتێکی فیدراتیو (یا دیفاع و پارێزگاری لە چوارچێوە و سنوورەکانی حکومەتی ستەم گەر و سەرکوتگەر لە سەر نەتەوەکانیتر) لە کۆمەڵگایەکی لە حاڵی ئینکشاف و لە بەر یەك ترازانی وەك ئێراندا، کە بە قەولی هاوڕێیان بناغەی پێکەوە بوونەکەی لە سەر سەرنێزە و سەرکوت و ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دامەزراوە، ئەوەندە دێنێ کە ئەوان بیکەنە چوارچێوەی ئەسڵی بۆ پێرسپیکتیوی پلانە سیاسییەکانی خۆیان و بۆی بچنە مەیدانی شەڕ و قوربانی بۆ بدەن؟

کاک حوسێن ئاوا دەڵێ و لە بڕیارنامەکانی کۆنگرەی کۆمەڵەش دا ئاوا نووسراوە: "ئێمە خوازیاری پێکهاتنی ئێرانێکی فێدراتیو و دێمۆکراتیکین کە لە کۆمەڵێك حکومەتی فیدراڵ کە حەقی یەکسانیان هەیە پێك هاتبێ و حکومەتی مەرکەزی تێیدا نوێنەری هاوبەش و هەڵبژێردراوی هەموو ئەو خەڵکانە و مەنتیقە فیدراڵەکان بێ." (بڕیارنامە سەبارەت بە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵ و...)

ئایا ئەو دووانە وەك یەك دەچن؟ ئایا ئەوەی لە بڕیارنامەکەی کۆمەڵەدا هاتووە یانی دیفاع و پارێزگاری لە چوارچێوە و سنوورەکانی حکومەتێکی سەرکوتگەر و ستەمگەر لە سەر نەتەوەکانیتر؟ کاک حوسێن پێی وانەبوو خەڵکیش سەوادیان هەیە و نووسراوەکانی کۆمەڵەش دەخوێننەوە؟ کاک حوسێن ئێمە بەوە تاوانبار دەکا کە لە لایەکەوە پێمان وایە ئێران کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەیە کە بناغەی پێکەوە بوونەکەی لە سەر سەرنێزە و سەرکوت و ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی دامەزراوە، لە لایەکی دیکەوە دیفاع لە حکوومەتێکی فیدراتیو دەکەین کە پارێزەری هەمان سیستم و ستەم و چەوسانەوەیە.

وەختێك دەڵێین کاک حوسێن بە شێوەی غەیرە ئۆسوولی باس و موناقەشە دەکا، مەنزوور ئەو جۆرە شتانەیە. هەر لەو چەند دێڕەدا کاک حوسێن چەند هەڵوێستی کۆمەڵەی بە ئاشکرا گۆڕیوە و تەحریفی کردووە. اولاً ئێمە نەمان کوتووە بناغەی کۆمەڵگای ئێران و پێکەوە مانەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی لە سەر سەرنیزە و سەرکوت و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دامەزراوە، بەڵکوو ئەوە حکومەتێکی زاڵ بە سەر ئێران یانی جمهووری ئیسلامییە کە بناغەی حکومەتەکەی لە سەر ئەوانە دامەزراندووە و رای گرتووە.

به پێچەوانە ئەوەی کاك حوسێن بە ئێمەی نیسبەت دەدا، ئێمە پێمان وایە خەڵکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە موناسەباتێکی دێمۆکراتیکدا و بە حقووقی یەکسانەوە، خوازیاری بەیەکەوە مانەوە و پێوەندییەکی برایانە و دۆستانەن. ثانیاً وەختێك ئێمە باس لە حکومەتێکی فیدڕاڵی دەکەین بە روونی و بە سەراحەت کوتوومانە بناغەکەی دەبێ لە سەر مافی یەکسانی هەموو نەتەوەکان و مانەوەی داوتەڵەبانە و برایانەی ئەوان بە یەکەوە دامەزرابێ نەك لە سەر سەرنێزە و سەرکوت و ستەمی نەتەوایەتی. ثالثاً "هەموو تاریخی کۆمەڵە موبارزە لەگەڵ زوڵم و زۆر و بێعەداڵەتی و چەوسانەوەی چینایەتی و ستەمی میللی بووە، بە پێی کام مەنتیق، وە کام ئاڵوگۆڕی فکری و سیاسی بە سەر کۆمەڵەدا هاتووە کە ئێستا دەبێ لە پۆششی فیدڕاڵیزمدا دیفاع لە هەموو ئەو شتانە بکا کە هەمیشە موبارزەی لەگەڵ کردووە؟ کاك حوسێن یان هەر کەسێك بیەوێ شتێك لە سەر کۆمەڵە بڵێ دەبێ زۆر مەنتیقیتر و موستەدەلتر قسە بکا و زۆر فاکت و سەنەدی راستەقینە نیشان بدا تا ئۆمێدوارییەکی هەبێ خەڵك باوەڕی پێبکەن. کەس باوەڕ بە بوختانی گەورەی ئاوا بە کۆمەڵە ناکا.

لێرەدا مەسەلەیەك دەتوانێ مەترەح بێ، ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە کاك حوسێن لەو بڕوایەدا بێ کە ئەگەر فشاری سەرکوت و سەرنێزە یان لە سەر لاچێ، نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە یەکەوە نامێننەوە و بەو دەلیلە تەرحی فیدڕاڵیزمی بۆ داهاتووی ئێران پێ شتێکی نەگونجاو بێ و دژایەتی لەگەڵ بکا. ئەوە دەتوانێ باسێکی مەنتیقی و جێگای قسە لێکردن و لێکۆڵینەوە بێ. بەڵام ئەگەر وابێ کاك حوسێن دەبوا بە جێگای تەحریفی

بۆچوونەکانی کۆمەڵە، ئەو مەسەلەیەی تەوزیح دابا و دەلیلی هێناباوە کە پێش بینییەکەی ئەو دروستتر و واقیعیتره.

٥. ئینسان کاتێك ئەو هەموو دژایەتی و توندوتیژەی کاك حوسێن لەگەڵ تەرحی فیدراڵیزم دەبینێ پێی خۆشە بزانێ خۆی دەڵێ چی و چ رێگاحەللێکی بۆ چارەسەر کردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر خەڵکی کورد هەیە. هەر چەند هەر وەك لە سەرەتای ئەو نووسراوەیە دا باسی کرا ئەو نەزەر و بۆچوونەکانی خۆی بە روونی و راشکاوانە باس نەکردووە، بەڵام کاتێك بە هەر حاڵ خوت لە فەزای قورسی قسەی رەق و ناخۆش و بوختان و تەحریف— کە بەداخەوە سەرتاپای هەر دوو نووسراوەکەی ئەوی داگرتووە— رزگار دەکەی و ورد دەبییەوە ناوەرۆکی قسە و بۆچوونەکانی، بۆت دەردەکەوێ کە وێدەچێ کاك حوسێن رزگاری لە چەوسانەوە و رزگاری لە ستەمی میللی وەك یەك دەبینی و رێگاچارەی خەڵکی کوردیش بۆ ئەو رزگارییە، بە جیا بوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەزانێ. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٣ی نووسراوەی یەکەمی دا رێبەری کۆمەڵە تاوانبار دەکا و دەڵێ کە روونیان نەکردووەتەوە کە: "ئایا ئەوان باوەڕیان بە خەبات بۆ رزگاری لە ژێر دەستی حکوومەتی مەرکەزی و رزگاری لە چەوسانەوە و ستەمی میللی هەیە یان نا؟" یا لە جێگایەکی دیکە لە لاپەڕەی ٥ی هەمان نووسراوەدا دەڵێ: "بەڵام ئەو بیرە، بیری ئازادی خەڵکی کوردستان لە بن- دەستی و چەوسانەوە، بیری بنەڕەتی هەموو خەڵکی

کوردستانە"، نموونەیەکی دیکەی لەو بابەتەش لە نووسـراوەکاندا زۆرن.

لە فەرهەنگی چەپ و مارکسیستی دا "چەوسانەوە" و "ستەمی میللی" دوو مەقوولــەی جیــاوازن. "چەوسـانەوە" سـتەمێکی چـینایەتییە کـە بـە هـۆی مەوقعییەتی ئیقتیسادی و جیاواز لە کۆمـەڵگادا، چـینی سـەرمایەدار لـە چـینی کرێکاری دەکا و، دەکرێ لە وڵاتێك ستەمی میللیش نـەبێ بـەڵام، چەوسـانەوە یـان سـتەمی چـینایەتی هـەبێ، دنیـای ئـەورۆ پـڕە لـە نموونـەی وا. "سـتەمی میللی" سـتەمێکە کـە بـە دەلایلـی جۆراوجـۆر لـە نەتەوەیـەك یـا کۆمـەڵێك لـە نەتەوەکانی وڵاتێك دەکرێ، و لە ناوچوونی سـتەمی میللـی بـە مانـای لـە بـەین چوونی چەوسانەوە نییە. لە بەین چوونی چەوسانەوە تەنیا لـە سۆسـیالیزم دا مومکینە، بەڵام لابردنی ستەمی میللی لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداریشدا ئیمکانی هەیە. کاك حوسێن ئەگەر ئەو مەقوولانە وەك یەك دابنێ‌و پێشی وابـێ بە جیابوونەوە لـە ئێـران، چەوسـانەوەش لـە کۆمـەڵگای کوردسـتاندا نامێنـێ، ئەوە لە باشترین حاڵەتدا تێکەڵاوی و " التقاط " ی فکری هەیە.

ئەڵبەتە پێشنیاری جیابوونەوە لە ئێرانیش لە لایەن کاك حوسێنەوە _لانـی کەم ئەوەندە لەو نووسراوانەی دەردەکـەوێ_ وەك ڕێگاحـەللێکی بیرلێکـراوە و بە پێی لێکدانەوەیەکی دەقیق و وردبینانە بەنەزەر ناگا، چـون قـسەکانی هـیچ ئیستیدلالێکی لەو بابەتەوە تێدا نییە و تەنانەت بە سەراحەت و ڕۆشنیش بـاس لە جیابوونەوە ناکا، هەروەها وەها چاو و گوێی خۆی لە دیـتن و بیـستنی هـەر چەشنە ڕێگاچارەیەکی دیکە بێجگە لە جیابوونەوە بەستووە، کە مەعلووم نییە ئەگەر هات و خەڵکی کورد لە ڕێفراندۆمێکدا بەپێچەوانەی کاك حوسـێن دەنگـی بە جیابوونەوە لە ئێران نەدا، کـاك حوسـێن چ دەکـا؟ ئەگـەر دڵ بـەوە خـۆش

دەکا کە قەت شتی وا نابێ، تەنیا خۆی فریو داوە. هیچ دوور نەڕۆین و لە شوێنەکانی دیکەی دنیا بە دوای نموونەدا نەگەڕێین، ئەوە نییە لە پاڵ دەستی خۆمان و لە کوردستانی عێراق کە کوردەکان ئەویش هەر هەمان موشکیلی ئێمەیان هەیە، بیری جیابوونەوە و پێکهێنانی حکومەتی سەربەخۆ هەمیشە لەوێ زیاتر بووە تا لە کوردستانی ئێران، و بەشی زۆری کوردستانەکەشی زیاتر لە دەساڵە ئازادە و سەربەخۆیی تەواویشی هەیە، بەڵام نە لە هێزە سیاسییەکانی و نە لە خەڵکەکەی باسی جیابوونەوە لە عێراق نابیستی؟

٦. ئیشکالێکی دیکە کە لە نووسراوەکانی کاک حوسێن دا زۆر بە زەقی خۆی نیشان دەدا، بێ باوەڕی بە کومۆنیزم و تەحقیری کومۆنیزمە. کاک حوسێن لە سەرتاپای هەر دوو نووسراوەکانیدا تەنانەت یەک جاریش بە باشی باسی کومۆنیزم ناکا و ددانی خێری پێداناهێنێ. لە هەر کوێ لە نووسراوەکانی دا نێوی لە سۆسیالیزم هێنابێ، هەمیشە چەند سفەتی مەنفیی وەکوو درۆینە، نەزۆک، بێڕەگ و ریشەی کۆمەڵایەتی، شوینیزم لە قاڵبی چەپ دا و... لەگەڵ هێناوە. کۆمەڵە کاتی لێکدانەوە لە سەر هێزە سیاسییە چەپەکانی ئێران کوتوویەتی ئەوانە نەیانتوانیوە ببنە هێزی کۆمەڵایەتی، نەیانتوانیوە ریشە لە نێو جەماوەردا داکوتن، نەیانتوانیوە سۆسیالیزم لەگەڵ خەبات و موبارزەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش پێوەند بدەن و.... رەخنەی ئێمە لە هێزە سیاسییە چەپەکان بووە، تازە ئەو کاتیش ئێمە تانە و تەشەرمان لێ نەداون و سووکایەتیمان پێنەکردوون، بەڵکوو رەخنەی رەفێقانەمان لێگرتوون و هیوادار بووین بتوانن رێگایەک بدۆزنەوە کە سۆسیالیزم بە مەسەلە و گیروگرفتەکانی

نێو کۆمەڵگا پێوەند بدەنەوە. بەڵام کاک حوسێن رەخنە ناگرێ بەڵکوو تەحقیر دەکا، رووشی لە هێزە چەپەکان نییە، سۆسیالیزم خۆی تەحقیر دەکا. لە جێگایەك قسە لە "چنگی ئاسنینی حکومەتی سۆسیالیستی داهاتوو" دەکا، لە جێگایەك دامەزرانی سۆسیالیزم لە ئێرانی پێگەورەترین درۆی ئەو سەردەمەیەیە و لە کۆتایی نووسراوەی یەکەمی‌دا کە دەڵێ: "ئەوەی عەبدی بەر بارەگای هەر ئینسانێك بێ، جا چ عەممامە و چ قوببەی سوور..." عەممامە و قوببەی سوور هاوتەراز دادەنێ و وەك یەك تاوانباریان دەکا کە ئینسان دەکەنە عەبدی بەربارەگاکانیان.

کاك حوسێن لە تەشکیلاتێك دا کە بیروباوەڕی کومۆنیستی هەیە، بەو شێوەیە ئەساسی بیروباوەڕ کە دەداتە بەر هێرش و سووکایەتی پێدەکا، ئاشکرایە دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکا یەکێك هەر پەیدا دەبێ بەر هەڵستی بێتەوە و پێی بڵێ ئەوەی دەیڵێی وا نییە. ئەگەر هات و کەسانێك لە بەرابەر ئەو هەموو هێرشە ناڕەواغەیری سیاسییانەدا بۆ سەر بیروباوەڕیان، دیفاعیان لە بیروباوەڕی خۆیان کرد —کەدەیکەن— نابە جێیە ئەگەر کاك حوسێن هاواری مەزلوومییەتی لێ هەستێ.

****************************

ئەوەی تا ئێستا باسی کرا جوابی ئەو بەشە لە قسەکانی کاك حوسێن بوو کە —هەرچەند بێئینسافیشە— بەڵام بە هەر حاڵ دەکرێ لە مەقوولەی باسی نەزەری و فکری دا بیگونجێنێ. بەڵام بەداخەوە کاك حوسێن تەنیا بە گۆڕین و تەحریفی بۆچوونەکانی کۆمەڵەوە رانەوەستاوە، بەڵکوو بە عالەم ئاشکرا

بوختانی دیکەشی بۆ هەڵبەستووە. لێرەدا پێم خۆشە کورتەیەك ئیشارە بەو لایەنەش لە قسەکانی ئەو بکەم.

کاك حوسێن ڕێبەری کۆمەڵە بەوە تاوانبار دەکا کە لەو کۆنگرەیەدا لە بەر ئەوە پشتگیری ڕاستەقینە و ڕاشکاوی لە مافەکانی خەڵکی کورد نەکرد تا "حکومەتی مەرکەزی لێی ڕازی بێ و دڵی بۆ مزاکرە نەرم بێ." لە بەشەکانی پێشووی ئەو نووسراوەیەدا جوابی ئەو ئیدیعایە دراوە تەوە کە دەڵێ ڕێبەری کۆمەڵە پشتگیری ڕاستەقینە و ڕاشکاوی لە مافەکانی خەڵکی کورد نەکرد. ئەوەی پێم خۆشە لێرەدا ڕوون بێتەوە ئەوەیە کە: مەنزووری کاك حوسێن لەوەی ئیدیعا دەکا ڕێبەری کۆمەڵە ویستوویەتی "دڵی حکوومەتی مەرکەزی ڕازی بکا" و "دڵی ڕژیم بۆ مزاکرە نەرم بێت" چییە؟ ئەگەر مەنزووری کاك حوسێن ئەوەیە لە کۆنگرەدا هەڵوێستێکی تازە بەرابەر ڕژیمدا مەترەح کراوە، منیش وەك ئەو لەو کۆنگرەیەدا بووم و لەو کۆنگرەیەدا بە هیچ جۆرێك قسە لە مزاکرە لەگەڵ ڕژیم نەهاتە گۆڕێ و ئەو باسە هەر مەوزووعییەتیشی نەبوو تا بێتە گۆڕێ. ئەگەر مەسەلە ئەوە نییە و قسەی کاك حوسێن لەسەر ئەوەیە بۆچی کۆمەڵەش وەك موجاهێدین ناڵێ ئێمە لە هیچ شەرایتێکدا و هیچ کات لەگەڵ ڕژیم مزاکرە ناکەین و مزاکرە لەگەڵ ڕژیمی وەك ئەسڵێك ڕەد نەکردووەتەوە، ئەوە تەسمیمێك نییە لەو کۆنگرەیەدا گیرابێ، کۆمەڵە بیست ساڵە وا دەڵێ. کاك حوسێن بۆ تا ئێستا هیچی نەکوتووە؟ ئەگەر مەسەلە هیچکام لەوانەش نییە ئایا کاك حوسێن پێی وایە کۆمەڵە خەریکی بەند و بەستێك لەگەڵ ڕژیمە؟ ئەگەر وایە ئایا ئەوەی لە نووسراوە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەدا وەبەرچاو کەوتووە یا هەست پێکردووە؟ یان تەنانەت لە کەسێکی بیستووە؟ ئەگەر هەر کام لەوانەیە بۆچی باسی ناکا؟ کاك حوسێن ئەگەر نەتوانێ ئەو ئیدیعایانەی ئیسبات بکا و بە ڕوونی بیخاتە بەرچاو، پێشتر لەویش

زۆر کــەس و زۆر لایــەن قــسەیان بــۆ کۆمەڵــە هەڵبەســتووە و بۆختانیــان پــێکردووە، بوختانــەکانی کــاک حوســێنیش هــەر بــە قــەت ئەوانــە بایــەخی بــۆ دادەنرێ و لە سەر قەزاوەتی بیرورای گشتی لە سەر کۆمەڵە کاریگەر دەبێ.

بوختانێکی گەورەی دیکە کە کاک حوسێن بـە کۆمەڵـەی دەکـا ئەوەیـە کـە گۆیـا ئێمـە پێـشمەرگەکانی کۆمەڵـەمان لـە دژی حیزبـی کۆمۆنیـستی ئێـران تەحریك کردووە و لەو بابەتەوە دەڵێ: "ئەوە دروست یـەك سـاڵی تـەواوە کـە هەموو رۆژێ رادیۆ و لـە تـەبلیغاتی رۆژانـەدا مـستێك لـە سـەر و سـنگی سـەید برایمی عەلیزادە و حیزبەکەی دەدەن و پێشمەرگەی کۆمەڵە تا حـەددی دەس بۆ چەك بردن لە دژیان تیژ دەکەنەوە، بەڵام ئایا هێشتا وەختـی نـەهاتووە کـە راشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێین ئایا کۆمەڵەتان بۆچـی سـاخ کردۆتـەوە؟ گۆیا ئاوایە کە ئەگەر ئێمە لەگـەڵ پێـشمەرگەکانی کـاک سـەید بـرایم یـەکترمان کوشت، ئەوە ئیتر ئێوە شۆڕشی چینایەتیتان لە ئێران بە سـەرکەوتنی نـەهایی گەیاندووە؟ یا نا ئایا ئاڵای سەربەستی کوردستانتان راشە کاندووە؟ (لاپەڕەی ٤، پاراگرافی ئاخر، نووسراوەی ئەوەڵ)

کـاك حوسـێن ئەگـەر بـە جێگـای تـەبلیغاتی رادیـۆ و بـاقی بڵاوکراوەکـانی کۆمەڵە لە شتێکی دیکەی بـە شـایەد هێنابـاوە کـە خـەڵك لێـی ئاگـادار نـەبان، لەوانەبوو برێك شك و گومان پێك بێنـێ یـا کەسـانێك بـاوەڕێ پێبکـەن. بـەڵام هەموو ئەو کەسانەی ئاگـاداری تـەبیلغاتی رادیـۆ و نووسـراوە و بڵاوکراوەکـانی ئێمە لە یەك ساڵ و نیوی رابردوودا هەن بە باشـی دەزانـن رێـك بـە پێـچەوانەی ئەو قسەیەی کاك حوسێن، ئەوە کۆمەڵە بووە کە تێکۆشاوە فەزای موناسبەتی ئێمـە و حیزبـی کۆمۆنیـست سـالم و سیاسـی راگـرێ و لـە بەرامبــەر قــسە و قسەڵۆکی غەیرە سیاسی و شـایعە دروسـت کـردن و هەڵوێـستی دوژمنکارانـەی

ڕێبەری حیزبی کومۆنیست و ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە، لەو پەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردندا، لە جوابدانەوەی غەیری سیاسی و کێشەی شەخسی و شەڕەقسە خۆی پاراستووە و بە سیاسی کردنەوەی کێشەکان و هێمن کردنەوەی فەزا، ئاوری هەر چەشنە تێکهەڵچوونێکی ئیحتیمالی دامرکاندوتەوە. کاک حوسێن ئەگەر بتوانێ تەنانەت یەک دەقیقە لە تەواوی تەبلیغاتی رادیۆیی یا یەک دێڕ لە تەواوی نووسراوەکانی یەک ساڵ و نیوی رابردوویی کۆمەڵە بە نموونە بێنێتەوە کە تێیدا نیشان بدا ئێمە بە قەولی ئەو پێشمەرگەی کۆمەڵەمان لە دژی حیزبی کۆمۆنیست تیژ کردووەتەوە، نەک هەر ئەوە، ئەگەر تەنانەت لە موناسەباتی نێوخۆی تەشکیلات و چۆنیەتی ئامووزش و بارهێنانی پێشمەرگەی کۆمەڵەشدا -کە هاوینی ئەوساڵ لە نزیکەوە بە چاوی خۆی دیویەتی- بتوانێ ئەو ئیدیعایە ئیسبات بکا، حەقی پێدەدرێ و دەبێ ئەو رەخنەیەی پشتیوانی لێبکرێ و ڕێبەری کۆمەڵە لێی بپرسێتەوە. بەڵام ئەگەر نەتوانێ ئەوە بکا، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە کام شت هانی دەدا ئاوا بێدەربەست و بە بێ هەست بە بەرپرسایەتی کردن قسە بکا. تازە تۆپ و تەشەری دوای بوختانەکەشی جێگای سەرنجە و دەڵێ: "گۆیا ئاوایە کە ئەگەر ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کاک سەید برایم یەکترمان کوشت ئەوە ئیتر شۆڕشی چینایەتییان لە ئێران بە سەرکەوتنی نەهایی گەیاندووە؟ یان نا ئاڵای سەربەستیی کوردستانتان راشەکەندووە؟" مەبەستی کاک حوسێن لەو تەشەر هاویشتنە غەیری سیاسی و عامییانەیە چییە؟ کێ شتی وای کوتووە؟ کاک حوسێن وەک هاوڕێیەک و کادرێکی قەدیمی کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵە دەدوێ و دەیەوێ هەڵوێستی کۆمەڵە کە لە نەزەر ئەوەوە هەڵەیە راست کاتەوە؟ یا وەک نەیارێکی کۆمەڵە بەربەرەکانێی لەگەڵ دەکا و بۆ بێئیعتیبار کردنی تێدەکۆشی؟

ئەگەر یەکەمیانە هەموو مەسەلەکە ئەوەیە، رێبەریی کۆمەڵە تەرحێکی بۆ داهاتووی سیاسی ئێران و کوردستان داوە بە کۆنگرە و کۆنگرەش پەسندی کردووە، وەك كاك حوسێنیش ئەو تەرحەی پێنادروست و بە زەرەرە. ئەوە ئەو هەموو قسەی ناخۆش و بوختان و تۆپ و تەشەری نەدەویست. بە جێگای هەموو ئەوانە کاك حوسێن دەیتوانی نەزەر و بۆچوونەکانی خۆی باس بکا، شی بکاتەوە و بیسەلمێنێ کە ئەوەی ئەو دەیڵێ دروستە و ئەوەی کۆمەڵە نادروست. ئەو نەزەراتەشی چ لە رادیۆ و نەشریاتی عەلەنی کۆمەڵە دا و چ لە ئینتێرنێت یا هەر شوێنێکی دیکەی پێی خۆش با بڵاوکردباوە. قسەکانی ئەو کات دەیتوانی کەڵکی هەبێ. بەداخەوە ئەو ئەوەی دەبوو بیکردبا، نەیکردووە و ئەوەی نەدەبوو بیکردبا، کردوویەتی.

بەڵام ئەگەر ئەوە نییە کاك حوسێن لەوە بەو لاوە خۆی بە نەیاری کۆمەڵە دەزانێ و پێی وایە ئاوا دەتوانێ بێئیعتیباری بکا (کە هیوادارم وا نەبێ و پێم وانییە وایە)، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە.

هیچ دوور نەڕۆین، حیزبی کومۆنیستی کاریگەری و حیزبی کومۆنیستی ئێران زۆر لەوە زیاتر و لەوە خراپتریشیان بە کۆمەڵە کوت و ئێستاش دەیڵێن. کاك حوسێن نابێ ئۆمێدوار بێ شتێکی لەوان زیاتری وەگیردەکەوێ.

دیسامبری ٢٠٠١